

#ناڵەی جودایی

بەپێی دەنگ و دەسنووسی شاعیر

## هێمن

پێک‌گرتن و تۆژینەوە: عەزیز ئالی

سرشناسه : شیخ‌الاسلامی مُکری، سید محمدامین، ۱۳۰۰ - ۱۳۶۵.

عنوان و نام پدیدآور : ناڵەی جودایی: بەپێی دەنگ و دەسنووسی شاعیر/ هیمن/ مقابله، حواشی و تعلیقات عزیز الی.

مشخصات نشر : مهاباد: سرای هیمن، ۱۳۹۶.

مشخصات ظاهری : ۲۵۶ ص.؛ ۱۴/۵×۲۱/۵ س‌م.

شابک : ۹۷۸-۶۰۰-۹۸۲۶۵-۰-۶

وضعیت فهرست‌نویسی : فیپا

یادداشت : کُردی.

موضوع : شعر کُردی -- قرن ۱۴

موضوع : Kurdish poetry -- 20th century

رده‌بندی کنگره : ۱۳۹۶ ۹ش ۸۴۳م/۳۲۵۶ PIR

رده‌بندی دیویی : ۹/۲۱ فا ۸

شماره کتابشناسی ملی : ۵۰۲۶۹۴۸



**بڵاوکەرەوە: سەرای هێمن**

**سەر بە شارەداریی مەهاباد**

سەردێڕ: ناڵەی جودایی «بەپێی دەنگ و دەسنووسی شاعیر»

کۆمەڵەشیعری هێمن

پێکگرتن و تۆژینەوە: عەزیز ئالی

وێنەی سەر بەرگ: هادی زیائەددینی

لاپەڕەبەندی و داڕشتنی بەرگ: عەلی سەمیمی

پێکهێنانی بەرگ: نادر خەیاتی

لیتۆگرافی: پردیس

چاپ: کیان

سەححافی: جهان

چاپی یەکەم: ۱۳۹۶

ئەژمار: ۵۰۰۰

نرخ: ۳۵ هەزار تمەن

شابک: ۹۷۸-۶۰۰-۹۸۲۶۵-۰-۶



هەموو مافە قانوونی‌یەکانی ئەم بەرهەمە بۆ «بڵاوکەرەوەی سەرای هێمن» پارێزراوە.



انتشارات سرای هیمن: استان آذربایجان غربی، مهاباد، خیابان زند، کوچەی بهمنی

تلفن: ۰۴۴۴۲۲۳۶۴۸۶

# ناونامه

## ئـ

**ئەلوەند**

ڕیزەچیایەکە لە ئێران، لە ئوستانی هەمەدان هەڵکەوتووە. ئەم ڕیزەچیایە کەوتۆتە نێوان ئێرانی ناوەندی و زنجیرەی زاگرۆس. درێژایی کۆگا ئەسڵەکەی لە هەمەدانەوە تا تویسرکان ۴۰ کیلۆمیتر و بەرینایی ۱۰ کیلۆمیترە. کێوی ئەلوەند بەشێکە لەم ڕیزەچیایە و بە شکڵی کۆگایەکە لە جنسی بەردی «گرانیت» و چەند ترۆپکی هەیە. بڵیندترین ترۆپکی کێوی ئەلوەند ۳۵۸۴ میتر لە بان دەریاوە بەرزە.

## بـ

**برایم**

ناوی قارەمانی بەیتی برایمۆک.

← برایمۆک.

**برایمۆک**

قارەمانی بەیتێکە هەر بەم ناوە. بەیتبێژ دەڵێ برایمۆک نۆکەری دوو ئاغای برا بووە بە ناوی میرشێخ و میرحەج. ئەم دووە خوشکێکیان بووە بە ناوی خاتوون پەریخان کە لەگەڵ برایمۆک یەکتریان خۆشویستووە. وا ڕێدەکەوێ میرشێخ گول دەبێ. برایمۆک حەوت ساڵی ڕەبەق میرشێخ بە سواری کەر، بە وڵاتاندا دەگێڕێ تا ئاخری میرشێخ بەشێوەیەکی وەک موعجیزە (ئۆشینی شیری کە مار خواردوویەتەوە و هێناویەتەوە) چاک دەبێتەوە. میرشێخ دوای چاک بوونەوە لەگەڵ خێزانی خۆی دەچێ بۆ کوێستان و برایمۆک لای میرحەج و پەریخان دەمێنێتەوە. جارێکیان کە میرحەج بە دووربین چاوی بە ژوانی برایمۆک و پەریخان دەکەوێ، لە برایمۆک بەرقدا دەچێ و بە چلەی زستان دەریدەکا تا لەناو کرێوە و بۆراندا ڕەقهەڵێ. بەڵام پەریخان بەدزییەوە ئەسپێکی تینوو بۆ برایمۆک دێنێ کە ڕێگەی کۆشکی میرشێخ زۆر باش بەڵەدە و پێش ئەوەی سواریشی بێ، ئاو بە زینەکەیدا دەکا تا پاشەڵی برایم بە زینەکەوە ببەستێ و ئەگەر لەسەرمانا کەسیرەش بوو، نەکەوێتە خوارەوە. برایمۆک بە سڕی و بێهۆشی دەگاتە ماڵی میرشێخ. سێ ژنەکەی میرشێخ، جل لەبەر برایمۆک دادەکەنن و بە لەشی ڕووتی خۆیان، لەشی ڕچیاگی ئەو دەبووژێننەوە و بە وتەی خۆیان «حەمامی ژنان»ی بۆ دەگرن. برایمۆک لە مردن دەخەڵەسێ و میرشێخ بەڵێنی پێدەدا، هەرکە سەری کوێستان ڕەشبەڵەک بێ (کە نیشانەی برانەوەی

زستانە)، بنێرێ لە دووی پەریخان و لە یەکتریان مارە بکا. برایمۆکی تامەزرۆی ئەوین کە ناتوانێ سەبر بگرێ، چەندین شەو تا بەری بەیان، بە سەوەتە گڵ و پەین بۆ سەر قەندیلی مامەکۆیی یان دەکێشێ و پاشان دێ بە میرشێخ دەڵێ «وا سەری کوێستان رەشانکی تێکەوتووە و خەریکە بەهار دادێ.» ژنی گەورەی میرشێخ پێدەکەنێ و دەڵێ «بەهاری چی؟ هێشتا زستان نیوە نەبووە»؛ ئینجا میرشێخ لە کاری سەیری برایمۆک تێدەگەیەنێ و داوای لێدەکا هەر بەم زستانە، بنێرێ خاتوون پەریخان بێنن لێی مارە بکەن. میرشێخ بە قسەی خانم دەکا و بەم جۆرە برایم و خاتوون پەریخان لە ناوەڕاستی زستانا بە وەسڵی یەکتر شاد دەبن.

**بەکرە شۆڤار**

لە بەیتی مەم و زیندا، کاربەدەستێکی گرنگی دیوانە، بە چەشنێ کە میر تەگبیری پێدەکا. بە ئەسڵ ناوی بەکرە مەرگەوەڕ یا بەکری مەرگەوەڕە و بە بەکرئاغا بانگ دەکرێ بەڵام چونکە مایەفیتنە و بەدفەڕ بووە، بەیتبێژ بە بەکرە شۆڤار و بەکرە شەیتان ناوی دێنێ. خانی لە مەم و زینی خۆیدا بە بەکر ناوی دەبا و دەڵێ گۆیا خەڵکی مەرگەڤەڕ بووە: «ئەسڵێ وی دبێن ژ مەرگەڤەڕ بوو ‖ مەحزا وی بەشەر بە شوور و شەر بوو ‖ ناڤێ وی موونافقی بەکر بوو ‖ بەلکی ژ بەلووقیا بەتر بوو.» لە مەم و زینی فۆلکلۆری کورمانجیدا بە بەکۆزین عەوان ناو دەبرێ کە بەکۆ هەمان بەکرە و عەوانیش بە مانای شۆڤار و شەیتانیکەرە. لە مەڵبەندی موکریان «بەکرەشەیتان» بۆ دووزمانی و ئاژاوەگێری بووە بە مەسەل. ← مەم و زین.

**پ**

**پەریخان**

کە لە بەیتی برایمۆکدا بە خاتوون پەریخان ناو دەبرێ، خوشکی میرشێخ و میرحەجە. کیژێکی ئازا و زیرەکە. ئاشقی برایمۆکە و بێ شەرموشکۆ بۆی دەچێتە ژوان. کاتێ برایمۆک تووشی کوێرەوەری دەبێ، بە بەندوباو پێیهەڵدەڵێ. لە هەڵی پرمەترسیدا یارمەتی دەدا و لە ئەنجاما شووی پێدەکا. ← برایمۆک.

**چ**

**چڵکن**

لە بەیتی لاس و خەزاڵدا خەڵکی «وڵاتی چڵکنان»ە کە روون نیە چ وڵاتێکە و دانیشتوانی کێن و بۆچی ئەم ناوە سووکەیان بە سەردا براوە. بەڵام بەگوێرەی ئەوە کە تیر دەگرنە لاس

هەر چونکە بە وڵاتی ئەواندا تێپەڕیوە، دەکرێ وای لێکبدەینەوە کە تایفە یا کۆمەڵێکی بەدبین و دوورەپەرێز بوون و حەزیان نەکردووە لەگەڵ خەڵکی مەڵبەندەکانی تری دەوروبەریان پەیوەند و دۆستایەتییان هەبێ.

← لاس و خەزاڵ.

## چەکۆ

لە بەیتی مەم و زیندا، شازادەیەکی داواکاری زینە کە دوایی دەبێ بە دۆست و پشتیوانی مەم. ← مەم و زین.

## چین و ماچین

یا «چینی ماچین»، بە گوێرەی «لغتنامه دهخدا»، لە زمانی فارسیدا ناوی چینی باکوور (تورکستان) بووە. لەوانەیە ئەسڵی ئەم عیبارەتە چین و ماوەرای چین بووبێ یانی چین و کشنشین. هەروەها دەکرێ مەبەست لە چین (تورکستانی ڕۆژهەلات) و مهاچین (چینی گەورە) بووبێ. § هێمن کە دەڵێ «لە چین بێ یا لە ماچین...» بە مەجاز وا دەڵێ و دیارە مەبەستی خودی وڵاتی چین نیە؛ دەیەوێ بڵێ «لەمسەری دنیا بێ یا لەوسەری دنیا...» یا «لە هەرکوێی دنیا بێ...» نالی «چینی ماچین»ی لە مانای حەقیقیی خۆیدا بەکار هێناوە و یاری بە وشەکانی ئەم عیبارەتە کردووە: «خەتات فەرموو کە خۆشە چینی ماچین || کە ناچین، لێرە خۆشەچینی ماچین.»

## ح

## حاجی

مەبەست شاعیری ناودار، حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧ م.)یە کە لە گوندی «گۆڕقەرەج»ی سەربە شاری کۆیە هاتۆتە دنیاوە. حاجی هەموو ژیان و هونەری خۆی بۆ خزمەتی بیری نەتەوایەتی و هاندانی نەتەوەکەی بۆ یەکگرتن و تێگەیشتن و پێشکەوتن تەرخان کردووە و لەم ڕێگەیەدا لە وڵاتی خۆی تەرە بووە و بە ئاوارەیی ژیاوە و بە غەریبی سەری ناوەتەوە. حاجی کە زۆرتر قەسیدە و غەزەل و مەسنەوی وتووە، لە بەشێکی شیعرەکانیدا، بەتایبەتی لە مەسنەوییەکانیدا، زۆر بەڕوونی هۆیەکانی دواکەوتوویی گەلەکەی دەسنیشان کردووە و بۆ چارەسەر کردنیان ڕێگەی نواندووە. جێی سەرنجە کە حاجی قادر بۆ ئەم ڕێبازەی لە ژیان و شیعریا هەڵبژاردووە، چاوی لە دیباچەی مەم و زینی ئەحمەدی خانی بووە: «تەنها ئەمە وەها نین، دیباچەکەی مەم و زین || حالیت دەکا چلۆنە، ئەحوالیان

سو خەندان»

## خ

### خاتوو زولەیخا

هەمان زولەیخای ژنی عەزیزی میسرە کە یوسف پێغەمبەر بۆ ماوەیەک کۆیلەی بووە. (← زولەیخا).

### خاتوو زین

هەمان زینی خۆشەویستی مەمە. «خاتوو» یا «خاتوون» کە دەکەوێتە پێش ناوی ژنەوە بەمانای خانمی گەورە و بەرێزە. ← مەم و زین.

### خانزاد

لە بەیتی لاس و خەزاڵدا شامۆزا و مارەبڕاوی لاسە کە لاس پێی رازی نیە و جێی دەهێڵێ و دەچێ ئاشقی خەزاڵ دەبێ. خانزاد، ئەگەرچی دڵی شکاوە و سووکایەتی پێکراوە بەڵام وەختێ لاس دەمرێ، وێڕای خەزاڵ شینی بۆ دەگێڕێ. خانزاد، لە گێڕانەوەی جۆربەجۆری بەیتەکەدا بە خانزادەخان و خانزادەخانی حەریری‌ش ناوی هاتووە. ← لاس و خەزاڵ.

### خانی

ئەحمەدی خانی (١٦٥١-١٧٠٧ م.) شاعیری بەناوبانگی کورد کە لە شاری بایەزید (کوردستانی تورکیا) لە دایک بووە و لە تەمەنی ٥٦ ساڵیدا هەر لەوێ سەری ناوەتەوە. گرینگترین بەرهەمی خانی مەنزوومەی «مەم و زین»ە کە بە کرمانجی و لە قالبی مەسنەوییەکی عەرووزیدا هۆنراوەتەوە. جگە لە خەللاقیەتی شاعیرانەی خانی کە لە درێژایی مەم و زینەکەیدا دەدرەوشێ، دیباچەی ئەم بەرهەمە، لە ئەدەبی کوردیدا بە بەڵگەیەکی گرینگی مێژوویی دادەنرێ. خانی لەم پێشەکییەدا بە شێوەیەکی رەخنەگرانە باسی هەلومەرجی نالەباری مێژوویی گەلەکەی دەکا و لەو مافە نەتەوەییانە دەدوێ کە تا ئەوکاتە هیچ کوردێک بیری لێنەکردۆتەوە یا هەر نەبێ لێی نەدواوە.

### خدر

کە لە کوردەواریدا بە خدری زیندە ناوبانگی هەیە. لە ئەدەبیاتی ئیسلامیدا «خضر»ی پێدەڵێن و بە «وەلی» و تەنانەت بە «نەبی» دراوەتە قەڵەم. قورئان لە ئایەتگەلی ٦٠ تا ٨٣ی سوورەی «کەهف»دا باسی ئەوە دەکا کە چۆن خدر لە قۆناخێکدا بووە بە هاوڕێی مووسا و بە کاری سەیرسەیری خۆی کە دوایی حیکمەتەکەی ئاشکرا بووە، ئەم پێغەمبەرەی تووشی سەرسوورمان کردووە. یەکێ لە تایبەتییەکانی خدر ئەوەیە کە چووە بۆ ناو تاریکستان (ظلمات) و سەرچاوەی «ئاوی حەیات»ی دۆزیوەتەوە و لێی خواردۆتەوە. دەڵێن خدر ئێستاش زیندووە و لە کاتی تەنگانەدا رێگە پیشانی گومبووانی

داماوی خاوەنبڕوا دەدا.

### خەج

لە بەیتی خەج و سیامەندا، ئامۆزا و یاری سیامەندە کە باوک و براکانی نایەڵن بە دڵی خۆی شوو بکا. ناچار، ڕەدووی سیامەند دەکەوێ (لەگەڵ سیامەند رادەکا) و کاتێ کە سیامەند لە چیا دەکەوێتە خوارەوە و دەمرێ، بە سەریا دەگری و دەیلاوێنێتەوە و ئینجا خۆ هەڵدەدێرێ و ئەویش دەمرێ. ← خەج و سیامەند.

### خەج و سیامەند

ناوی کیژ و کوڕێکی ئەویندارە لە بەیتێکا هەر بەم ناوە. خەج و سیامەند ئامۆزان بەڵام چونکە ماڵی باوکی سیامەند وەک هی خەج دەوڵەمەند نین، باوک و حەوت براکەی خەج ڕازی نابن کچەکەیان بدەن بە ئامۆزاکەی. خەج و سیامەند ناچار بە جووتە سوارە ڕادەکەن و بە ئومێدی ئەوەی کە بگەنە مەڵبەندێکی بێمەترسی، هەوراز و نشێو دەبڕن. کاتێ دەگەنە سەر چیای کێلەسیپان لەوێ بۆ سانەوە چادر هەڵدەدەن. سیامەند سەر دەکاتە سەر ڕانی خەج و خەوی لێدەکەوێ. خەج دوور، چاوی بە حەوت کەڵەکێوی دەکەوێ کە بەهەموویان لەگەڵ کەڵێکی بچووک لەسەر گامێشێک شەڕ دەکەن بەڵام درۆستی نایەن؛ مەسەلەی سیامەند و خۆی و براکانی بیر دەکەوێتەوە و بەبێدەنگی دەگری. دڵۆپە ئەسرینێ دەکەوێتە سەر ڕوومەتی سیامەند و لە خەو ڕادەچەنێ. کە خەج هۆی گریانی خۆی بۆ دەڵێ، تووڕە دەبێ و پێی دەڵێ: ئەگەر پەشیمانی، وەگەڕێ بۆ ماڵی باوکت، پاشان بەتوورەیی تیرێک دەگرێتە کەڵی گچکە و دەیپێکێ. ئەوسا هەڵدەکێشێتە خەنجەر و هەرا دەکاتە سەر نێچیر. خەریک دەبێ سەری بیڕێ کە لەناکاو کەڵی بریندار سەری هەڵدەسووڕێنێ و لە سینگی سیامەندی دەدا. جێگاکە سەر ڕەوەزێکی بەرزە و سیامەند لەوێوە فڕێ دەدرێتە خوارەوە و بە سەر داردەبەنێکدا دەکەوێ. پەل (لقی هەڵپەرتاو و تیژ)ی داردەبەنەکە دەچێ بە ناوشانیدا و لە سنگییەوە دێتە دەر. سیامەند لە حاڵی گیانکەنشتا داوا لە خەج دەکا بگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوان و تێهەڵچێتەوە بۆ ژیانێکی تازە، بەڵام خەج پاش ئەوەی کە ماوەیەکی درێژ شین بۆ سیامەند دەگێڕێ، لەبان هەڵدێرەکەوە خۆ بە سەر تەرمی سیامەندا دەدا و ئەویش دەمرێ.

### خەزاڵ

لە بەیتی لاس و خەزاڵدا، کچی مەلانەبی و سەرۆکی خێڵی ماموودینانە کە لاس لە پێناوی ئەوینی ئەودا دەست لە دەسگیران و سەرۆکایەتیی خێڵی خۆی هەڵدەگرێ و لە ئاکاما خۆی بۆ بە کوشت دەدا. خەزاڵ، لە گێڕانەوەی جۆربەجۆری بەیتەکەدا بە خەزاڵەشۆڕ

و خەزاڵەشۆری مەلانەبییان و یای خەزاڵیش ناو براوە. ← لاس و خەزاڵ.

## ز

### زولەیخا

لە قورئانا ئەم ناوە نەهاتووە و بە «ژنی عەزیزی میسر» باسی کراوە. لە ئەدەبیاتی دینی ئیسلاما دەگێڕنەوە عەزیزی میسر (وەزیری مەزنی فیرعەون) یۆسف لە کۆیلەفرۆشان دەکڕێ و دەیکا بە عەبدی زولەیخای ژنی. زۆر پێناچێ زولەیخا عاشقی دەبێ و دەیەوێ دەستی لەگەڵ تێکەڵ بکا بەڵام یۆسف، «داوێنپاکی» ڕەچاو دەکا و بەم «گوناح»ە ڕازی نابێ. زولەیخا بوختانی پێدەکا و عەزیزی میسر، یۆسف دەخاتە بەندیخانەوە. بەڵام یۆسف کە خوا توانستی لێکدانەوەی خەونی پێداوە، لە بەندیخانە ڕزگاریی دێ و دەبێ بە خۆشەویستی فیرعەون. زولەیخا لەسەر ئەوینی یۆسف و بەهۆی کردەوەی ناڕەوای خۆی سووک و بەدناو دەبێ. گەلێک ساڵ دواتر کە ئیتر پیر بووە و مێردی نەماوە، یۆسف پێغەمبەر کە ئەوجار خۆی بووە بە عەزیزی میسر، بۆی لەبەر خوا دەپاڕێتەوە و جوانی دەکاتەوە و لە خۆی مارە دەکا.

### زین

لە داستانی مەم و زیندا، گراوی و خۆشەویستی مەمە کە بەهۆی بەدگۆیی بەکرئاغا لەلای میرزێندین، لە وەسڵی مەم بێبەش دەبێ و لەدوای جوانەمەرگ بوونی مەم، لەسوێ ئەو دەمرێ. لە بەیتی مەم و زیندا زۆرتر بە خاتوو زین و یایە زین ناو دەبرێ. ← مەم و زین.

### زیی مەم و زینان

لە بەیتی مەم و زیندا، کاتێ بە ئەمری میر، بەکرئاغا دەکوژن، خوێنی دەڕژێتە بەینی قەبری مەم و زینەوە و پنچە دڕکێکی لێدەڕوێ کە پێیدەڵێن «زیی مەم و زین / زینان»، «دڕووی مەم و زین / زینان» یا «دڕکی مەم و زین / زینان». گوایە بەکرە شەیتان بە مردووییش دەیەوێ ئەم دوو ئەویندارە لە یەکتر جیا بکاتەوە! لە کوردەواریدا کەسێ بە قسە یا کردەوە ببێ بە لەمپەری بە ئاوات گەیشتنی کچ و کوڕێ کە یەکتریان خۆش دەوێ، پێیدەڵێن «بووە بە دڕووی مەم و زینان.» ← مەم و زین.

## س

### سامرەند

یا سامرەندان، کوێستانێکە کەوتۆتە ناوچەی لاجانی پیرانشار، نیزیک گوندی جەڵدیان. بەرزایی بڵێندترین شوێنی ئەم کوێستانە، دەگاتە ١٩٤٠ میتر. کوێستانی سامرەند، هاوینەهەوارێکی گرینگی مەڕدارانی لاجانە.

**سیامەند**

کورەمـــام و ئاشـــقی خەجە کە مـــاڵی مامی، خەج نادەن پێی و ئەویش خەج هەڵدەگرێ و دەس دەداتە کەژ. کاتێ لە کەژ دەیەوێ ســەری کەڵەکێــویەک ببــڕێ، لەقە یـــا زەبــری ســەری کەڵەکێــوی‌یەکە بەر ســنگی دەکەوێ و لەبـــان ڕەوەزێـــکەوە فڕێـــی دەداتە خـوارەوە. سیامەند بەسـەر لقی تیژی دارەبەنێکا دەکەوێ و لەبەر چاوی خەج بەدەم ئـــێش و ئـــازارەوە دەمـــرێ. ← خەج و سیامەند.

**شـ**

**شەم**

ئـــامۆزا (کچـــی مـــام) و ئەویـــنداری شەمزین. ← شەم و شەمزین.

**شەم و شەمزین**

چیرۆکی شەم و شەمزین دەڵێ ئەم کیژ و کـــورە ئـــامۆزا بـــوون و لە نـــاوچەی سوێسنایەتیی سەردەشت ژیاون. باوکی شەم دەوڵەمەند بووە و باوکی شەمزین هەژار. شـەمزین بـووە بە شـوانی مـاڵی شـەم. بە ڕابووردنی زەمـان ئەم دووە ئاشـقی یەکتـر دەبـن. بـاوکی شـەم پێ‌دەزانـێ و چـونکە بەهـیچکلۆجێ نـایەوێ کچـی خـۆی بـدا بە کـورە هەژارێـــک، شـــەمزین دەردەکـــا. شـەمزینیش سـەری خـۆی هەڵدەگرێ و ئەم نـاوە بەجـێ‌دەهێڵـێ. چەنـد سـاڵ پێ‌دەچـێ، میـری باڵەکـان کە ناوبـانگی جـوانیی شـەمی بیسـتووە، دەیخـوازێ. لەو کـــاتەدا کە خەریکـــن بـــووک بگوازنەوە، شـەمزین ڕێـی دەکەوێتەوە زێدی خۆی و دێتە ناو گەڕی شایی؛ جا بۆ ئەوەی خۆی بە بووک بناسێنێ، بە گۆرانی یا بە وتەیەکی وردتر بە «بەند» پێـیهەڵـدەڵێ و شـەمیش بە «بەنـد» وەڵامـی دەداتەوە. بەم چەشـنە یەکتـر دەناســـنەوە، بـــێ‌ئەوەی بتـــوانن چارەنووســـی خۆیـــان بگـــۆڕن. لە فۆلکلۆری کوردیدا، بەسـەرهاتی شـەم و شەمزین زۆر بەکورتی دەگێڕنەوە. وا دیـارە ئەوەی لێـرەدا زۆرتـر گـرنگە، داستانەکە نـا، ئەو شیعرە پرسـۆزانەیە کە ئەم دوو ئاشـقە ناکـامە بەشـێوەی بەند بە یەکتری هەڵدەڵێن.

**شەمزین**

ئامۆزا (کوڕی مام) و ئەویینداری شـەم. ← شەم و شەمزین.

**شەمیلە**

کچکەی ناوی «شەم»ە. لە بەیتی شـەم و شـەمزیندا، ئەم کیـژە تەنیـا بە شـەم ناوی دەبرێ. ← شەم و شەمزین.

**شێخی سەنعان**

وەک لە چیرۆکـی دینـی و عیرفـانیدا هـاتووە، شـێخێکی گەورە بـووە کە لە پێنـاوی ئەوینـی کیژێکـی گـاور (مەسـیحی)دا لە ئیسـلام دەسـت هەڵدەگرێ، زوننار دەبەسـتێ، شـەراب دەخـواتەوە و دەبـێ بە شـوانی مـێگەلە

بەراز. لە دوایی‌دا دومای موریدەکانی گیرا دەبی و شێخ دیتەوە سەر رێبازی ئیسلامەتی. کیژەکەش پاش ئەوەی کە لەسەر دەستی شێخ موسلمان دەبێ گیانی دەردەچێ. عەتتار (١٢٢١-١١٤٦ م.) شاعیر و عارفی ناوداری ئێران، ئەم چیرۆکەی لە مەنزوومەی «منطق‌الطیر»دا بە هەست و سۆزێکی تایبەتی گێراوەتەوە. فەقێ تەیران (١٥٩٠-١٦٦٠ م.)یش کە دیارە دەبێ کارەکەی عەتتاری دیبێ، ئەم چیرۆکەی بە ناوی *شێخێ سەنعانیان* لە قالب و وەزنێکی خۆماڵی‌دا بە کرمانجی دارشتۆتەوە: «شێخەک هەبوو سەنعانیان || سەرداری پانسەد سۆفیان || چووبوو مەقامی ئەولیان || دایم د زیکر و تاعەتێ...» (خەزنەدار، ٢٠٠٢: ١٨٩). گرینگترین جیاوازیی چیرۆکەکەی فەقێ لەگەڵ هی عەتتار ئەوەیە کە دوای ئیمان هێنانی کچە گاورەکە، عیزرائیل گیانی شێخیش دەکێشێ و بەم چەشنە رووحی هەردووکیان بە بەهەشت شاد دەبێ.

## ع

### عرفۆ

لە بەیتی مەم و زین‌دا، شازادەیەکی داواکاری زینە کە دوایی دەبێ بە دۆست و پشتیوانی مەم. ← مەم و زین

## ق

### قەرەتاژدین

لە بەیتی مەم و زین‌دا، کاربەدەستێکی گەورەی دیوان و زاوای میر و دۆستی نیزیک و فیداکاری مەمە کە ئاگر بەردەداتە ماڵی خۆی تا میرزێندین بە ژوانی مەم و زین نەزانێ. ئەم میرخاسەی چیرۆک، لە کوردەواری‌دا بووە بە مەسەلی دەوڵەمەندی و نان‌بدەیی و ماڵ بەخت‌کردن لە پێناوی دۆستا. ← مەم و زین.

### قەندیل

کوێستانێکی کوردستانە کە لە ناو زنجیرەی زاگرۆس‌دا، لەسەر سنووری ئێران و عێراق هەڵکەوتووە. بەشێکی زۆری قەندیل کەوتۆتە ناوچەی پیرانشار. ئەم کوێستانە لە دوو کێو پێک‌هاتووە بە ناوی قەندیلی بچووک و قەندیلی گەورە. قەندیلی بچووک کە لای خەڵکی ناوچە بە قەندیلە کچکە و قەندیلی مامەکزیی‌یان مەشهوورە، سێ لاپاڵی لە دیوی ئێران‌دایە و لاپاڵێکی کەوتۆتە دیوی عێراق. میلەی سنووری ئێران و عێراق لەسەر ئەم کێوە چەقیوە. بڵیندترین ترۆپکی قەندیلەکچکە، ناوی «کەوکەزە»ە و ٣٢٥٠ میتر لە بان دەریاوە بەرزە. ئەم کێوە دیوارەیەکی هەیە کە بەرزایی دەگاتە ٤٥٠ میتر. کاتێ باسی چیای قەندیل دەکرێ

مەبەست قەندیلەگچکەیە کە شاخەوان و وەرزشکار بە قەندیلی گەورەدا بۆی دەچن. قەندیلی گەورە کە حەساری قەندیلیشی پێ دەڵێن، تەواو کەوتۆتە ناوچەی پیرانشار. بەرزترین ترۆپکی قەندیلی گەورە، «حاجیبرایم»ی ناوە و ٣۴۵٢ میتر لەبان دەریاوە بەرزە. داوێنی کوێستانی قەندیل (بناری قەندیل) ئاوەدانە و چەندین گوندی لێیە.

ک

## کانیی ژین

سەرچاوەی «ئاوی حەیات» یا «ئاوی ژین» کە بە وتەی ئەدەبیاتی دینی، خدری زیندە لێی خواردەوە و «نەمری»ی دەست کەوت. (← خدر).

## کچی گاور

بەپێی چیرۆکی شێخی سەنعان، کیژێکی زۆر جوانی عیسایی بووە کە شێخی سەنعان ئاشقی بووە و لە پێناوی‌دا لە دینی ئیسلام وەرگەڕاوە. ← شێخی سەنعان.

## کۆ

یا «کۆیە»، یەکێ لە شارەکانی کوردستانی عێراق و سەر بە پارێزگای هەولێرە کە لە مەودای ٧٠ کیلۆمیتری ڕۆژهەلاتی شاری هەولێر هەڵکەوتووە. ژمارەی دانیشتووانی قەزا (شارستان)ی کۆیە نزیکەی سەدهەزار کەسە کە زۆربەیان کوردن و هێندێکیش «کلدانی»ن. حاجی قادری کۆیی (١٨١٧-١٨٩٧ م.) شاعیری ناوداری کورد و ئاڵاهەڵگری کوردایەتی‌یە، هەروەک بە ناوەکەیا دیارە، خەڵکی ئەم شارە بووە.

گ

## گەدە

کوێستانێکە لە مەڵبەندی پیرانشار، لە ناوچەی مەنگوڕایەتی هەڵکەوتووە. بڵیندترین شوێنی ئەم کوێستانە، کێوی «سپی‌سەنگ»ە کە ٢۶۶٧ میتر لە بان دەریاوە بەرزە. گەدە، بەشێکی جیاوازی مەنگوڕایەتیی پیرانشارە و ئەم گوندانەی بە دەورەوەیە: کانیی کلێ، کانیی خەلیل، یاقووش، گردی مرادبەیگی، قۆیتەڵ، سێوێ‌گەدەی، کانیی کیسەڵ، کانیی بلقێ، ئۆغەن، کانیی نۆبەتێیان.

ل

## لاس

قارەمانی بەیتی لاس و خەزاڵە کە لە پێناوی خەزاڵ‌دا دەست لە عێل و ماڵ و دەسگیرانی خۆی هەڵدەگری و سەرزکعەشیرەتەکانی دوژمنی عەشیرەتی خەزاڵ دەشکێنێ. ئینجا دەچێ لە چیایەکی ئەستەم بە ناوی

چلپلەی عومانێ، دوای بەزاندنی چل تەریدە، «گوڵی شۆڕانێ»ی بۆ دێنێ و لە گەڕانەوەدا تیری «چلکن»ێک ڕانی دەپێکێ و برینەکەی چلک دەکا و پێیدەمرێ. لاس، لە بەیتەکەدا بە لاسەشۆڕ، لاسەشۆڕی باڵەکی و لاسی باڵەکی ناوی هاتووە. ← لاس و خەزاڵ.

## لاس و خەزاڵ

لە بەیتی لاس و خەزاڵدا، لاس کوڕی ئەحمەدخانی باڵەکییە کە بە منداڵی خانزادی ئامۆزای لێ مارە کراوە بەڵام چەندین ساڵ ڕادەبووێ و نایگوازێتەوە تا بە بیستنی ناوبانگی جوانیی خەزاڵ، بەیەکجاری دەستی لێ بەردەدا. لاس لە پێناوی خەزاڵدا دەست لە سەرۆکایەتی عێلەکەشی هەڵدەگرێ و ئەم ئەرکە بۆ خانزاد بەجێ دەهێڵێ. کاتێ دەچێ بۆ ناو خێڵی خەزاڵ، ناسیاویی خۆی ئاشکرا ناکا و وەک بۆرەپیاوێک دەبێ بە قەنەداری مەلانەبی بەڵام پاش ماوەیەک ئەوینی خۆی بۆ خەزاڵ دەردەبڕێ و خەزاڵیش کە بۆی دەردەکەوێ ئەم شۆڕەلاوە کێیە، عاشقی دەبێ و لەگەڵی ڕادەبوێرێ. جارێکیان دوو سەرۆکعەشیرەتی دراوسێ لەکاتی خەوتنی لاس و خەزاڵدا دێن، مەڕ و ماڵی ماموودینان تاڵان دەکەن. لاس، زۆر زوو دەچێ تۆڵەیان لێدەکاتەوە و سەریان لەبەر خەزاڵ پێدادەنەوێنێ. لەم بەینەدا خانزاد هەروا چاوەڕێی گەڕانەوەی لاسە بەڵام لاس کاتێ بە ئیجازەی خەزاڵ سەرێک لە ماڵ و خێڵەکەی دەدا، لا لە خانزادی ئاشق و نامەزرۆ ناکاتەوە و دیسان بەناکامی بەجێیدەهێڵێ. لە قۆناخێکی تری چیرۆکەکەدا خەزاڵ داوای «گوڵی شۆڕانێ» دەکا کە لە «چلپلەی عومانێ» هەیە. لاس سوار دەبێ ڕوو دەکاتە ئەو چیایە. بۆ ئەوەی دەستی بگاتە گوڵی شۆڕانێ، لەگەڵ «چل تەریدە»ی بەناوبانگ بەشەڕ دێ و هەموویان (بە سەرتەریدەی کەسپێنەوەستەوە) دەبەزێنێ. کاتێ چەپکێ لە گوڵی گۆڕین دەچنێ و دەیەوێ بگەڕێتەوە، ڕێگەیەکی نیزیک هەڵدبژێرێ کە بە «وڵاتی چلکنان»دا تێدەپەڕێ. یەکێ لەو چلکنانە لە پەسیوێکەوە تیرێک داوێتە لاس و لە ڕانی دەدا. لاس تیرەکە دەرناهێنێتەوە و ڕایدەگرێ تا بگاتەوە مەنزڵ و خەزاڵ بە دەستی خۆی بۆی هەڵکێشێتەوە. ئەم کەمتەرخەمییە دەبێتە هۆی چلک کردنی برینەکە و لێیدەکا بە تیراوێ و لە ئەنجاما لاس دەکوژێ. خانزادی دڵشکاو و نامراد، بەبرینداری نایەتە لای لاس بەڵام کە دەمرێ دەگاتە سەر تەرمەکەی و وێڕای خەزاڵ گەرمەشینی بۆ دەگێڕێ.

## لاسە شۆڕ

هەمان لاسی ئەویندارى خەزاڵە. وشەی «شۆڕ» کە سفەتە و دەکەوێتە پێش یا پاش ناو، بە مانای باڵابەرزە. ← لاس و خەزاڵ.

## مـ

**مەم**
لە داستانی مەم و زیندا ئەوینداری ساکار و وەفاداری زینە کە بەهۆی بەدخوازی و بەدکاریی بەکرئاغا (بەکرەشۆفار)، بە دەستی میرزێندینی برای زین، زیندانی دەکرێ و بە ناکامی دەمرێ. لە بەیتی مەم و زیندا زۆرتر بە میرمەم و کاکەمیر ناو دەبرێ.
← مەم و زین.

**مەم و زین**
دوو ئەوینداری ناکامی چیرۆکن کە لە فۆلکلۆر و ئەدەبی کوردیدا ناوبانگێکی زۆریان هەیە. چیرۆکی مەم و زین، هەم بەشێوەی بەیت و لاوک و هەقایەت هەیە هەم بە دەستی ئەحمەدی خانی، لە قالبی مەسنەوییەکی عەرووزیدا بووە بە بەرهەمێکی کلاسیکی شیعری کوردی. بەیت دەڵێ مەم کوڕی برایم پادشای یەمەن (شارێکی خەیاڵی) و زین کچی میرئاودەڵ و خوشکی میرزێندین، میری جزیری بۆتان بووە. چەند پەری کە گەرەکیانە بزانن لەم کوڕ و کچە کامیان جوانترە، شەوێک زینی خەوتوو هەڵدەگرن لە جزیرەوە دەیبەن بۆ شاری یەمەن، بۆ لای مەم. ئەم دووە کاتێ خەبەریان دەبێتەوە و چاویان پێکدەکەوێ، ئاشقی یەکتر دەبن و سوێندی وفاداری دەخۆن. دوای ئەو شەوە، مەم هەڵدەستێ لەگەڵ بەنگینی نۆکەری، دەچێ بۆ شاری جزیر. لەوێ دەیەوێ لە ماڵی بەکرئاغا (پیاوی دیوان و جێمتمانەی میر) میوان بێ بەڵام چون خانەخوێ لە ماڵ نابێ، دانابەزێ و دەچێ لە ماڵی قەرەتاژدین (پیاوی دیوان و زاوای میر) لادەدا. بەکرئاغا ئەم کارەی مەم بە سووکایەتی دەزانێ و سوێند دەخوا نەهێڵێ بە ئاواتی خۆی بگا. مەم لە ماڵی قەرەتاژدین لەگەڵ دوو میوانی تر، دوو شازادە بە ناوی عرفۆ و چەکۆ، ئاشنا دەبێ کە ئەوانیش داواکاری زینن. ئەم دووە دوای ئەوەی بۆیان دەردەکەوێ زین پەیمانی لەگەڵ مەم بەستووە، وێڕای قەرەتاژدین و ژنەکەی (خاتوون ئەستێی خوشکی زین) دەبن بە دۆست و پشتیوانی مەم. بەڵام بەکرئاغا بە دووزمانی و دەهۆ دڵی میرزێندین لە مەم ڕەش دەکا و کارێک دەکا میر، قەرەتاژدین و عرفۆ و چەکۆ بەبیانووی وەرگرتنی باجوخەراج بە لەشکرەوە بنێرێ بۆ وڵاتێکی تر و پاشان دوور لە چاوی ئەوان و بێ ئەوەی زین بزانێ، فەرمان بدا مەم بگرن و بیخەنە زیندانەوە. کاتێ زین و دۆستانی مەم بەم ڕووداوە دەزانن، میرزێندین ناچار دەکەن لە بڕیاری خۆی پاشگەز بێتەوە و مەم ببەخشێ. بەڵام ئیتر درەنگ بووە و مەمی زەرد و لاواز، هەرکە بە ڕشتەی زولفی زین لە سیاچاڵ دێتە

دەرەوە، سەری لەسەر کۆشی یار دادەنێ و گیانی دەردەچێ. دوای ناشتنی مەم، زینیش لەسەر گڵکۆی خۆشەویستەکەی دەمرێ. گۆڕی زین بە پاڵ گۆڕی مەمەوە هەڵدەکەنن. دوای ناشتنیان شەقژنێک لە ژێرەوە، لە بەینی گۆڕەکانیانەوە دێتە گوێ. بەکرئاغا دەڵێ: «ئاحا! دەس هەڵناگرن ئەوا لە قەبریش چوونە باڵی یەک!» میر کە لە کردەی خۆی پەشیمانە، بە قینەوە دەکەوێ و دەستوور دەدا هەرلەوێ بەکر بکوژن. خوێنی بەکر لەنێوانی گۆڕی مەم و زین دەڕژێ و پنجە درکێکی لێ شین دەبێ. وا دەردەکەوێ کە بەکرئاغا بە مردوویش نایەوێ مەودا بدا ئەم دوو ئاشقە ناکامە بە ئاوات بگەن! ئەمڕۆ لە کوردەواریدا «بەکرەشەیتان» و «بەکرەشۆفار» بووە بە مەسەلی بەدکاری و ئاژاوەگێڕی و «درکی مەم و زین» بە مەسەلی لە یەک جیا کردنەوەی ئاشقان یا بە وتەی مەشهوور «لێک کردنی دڵان».

**مەولەوی**

نازناوێکە دراوە بە خواناس و شاعیری بەناوبانگی ئێرانی، جەلالەددین محەممەدی بەلخی. ساڵی ۱۲۰۷ی میلادی، لە بەلخ لە دایک بووە و ساڵی ۱۲۷۳ لە شاری قوونیەی وڵاتی عوسمانی مردووە. لە سەردەمی خۆیا بە جەلالەددین و خوداوەندگار و مەولانا خوداوەندگار ناسراوە بەڵام لە سەدەی نۆهەمەوە بە مەولەوی و مەولانا و مەولەویی ڕۆمی و مەولەویی بەلخی و... ناوبانگی ڕۆیوە. مەولەوی شاعیر و نووسەرێکی پڕکار بووە و چەند بەرهەمی گەورەی لەپاش بەجێ ماوە کە لەو بەرهەمانە دیوانی کەبیر یا دیوانی شەمس و مەسنەویی مەعنەوی بە شاکار دراونەتە قەڵەم.

## و

**وەلی دێوانە**

شاعیرێکی ناوداری مێژووی ئەدەبی کوردییە کە گوایە ساڵی ۱۷۴۵ی میلادی لە دەشتی شارەزوور، لە ناوچەی هەڵەبجە لە دایک بووە و ساڵی ۱۸۰۱ مردووە و لە گۆڕستانی شاری سەیدسادق نێژراوە. ناو و ناوبانگی «وەلی دێوانە» زیاتر بەهۆی ئەوینی ئاگرینییەتی بۆ کیژێک بە ناوی شەم (شەمسە) کە لەپێشدا بڕیار وا بووە بیدەنێ بەڵام دوایی بەهۆی ناکۆکیی دوو بنەماڵە، باوکی شەم لە بڕیار پەژیوان دەبێتەوە. شیعری وەلی دێوانە بە زمانی گۆرانی (هەورامی)یە و گشتی باسی دەردی دووری و پێ‌هەڵاگوتنی شەمە.

## هـ

**هەڵگورد**

چیایەکە لە کوردستانی عێراق، لە ناوچەی سەکرانی قەزای چۆمان، لە

ڕۆژهەڵاتی حاجیئۆمەران و ڕۆژاوای سیدەکان هەڵکەوتووە. هەڵگورد کە بەشێکە لە زنجیرەچیای حەسارۆست، ٣٦٧٠ میتر لە بان دەریاوە بڵیندە و بە دووهەمین دوندی بەرزی کوردستانی عێراق و هەموو عێراق دەژمێردرێ. لەسایەی بەفری زۆرەوە کە تەنانەت لە بەهاریشا بە بەرزایی هەڵگوردەوە دەمێنێ، بناری ئەم کێوە لە درێژایی ساڵا ئاوی هەیە. یەکێ لەو ئاوانە، گۆمی «بێرمەسارد»ە کە بە هاوینیش ئاوەکەی ساردە. «گۆڕەپانی هەڵگورد» کە هێمن لە شیعری «خاک»دا ئیشارەی بۆ دەکا، گۆڕاییەکە لەسەر ترۆپکی هەڵگورد کە بەرینایی پەنجا میترێک دەبێ.

## یـ

### یایە زین

هەمان زینی گراوی و خۆشەویستی مەمە. «یای» یا «یایە» کە دەکەوێتە پێش ناوی ژنەوە بەمانای خانمی گەورە و بەڕێزە. ← مەم و زین.

# وشەنامە

## ئـ

**ئاژوان**

ئاژۆتن، لیخوڕین.

**ئاور پێبوون**

«کنایەیە بۆ کەسێ کە بە پەلە بڕوا» (هێمن). (بە مەجاز) زۆر بەپەلە بوون، یەکجار بەتالووکە بوون، زۆر عەجەلە کردن. § گوایە قەدیم کە بە بەرد و ئەستێ ئاگریان کردۆتەوە و ئاگر کردنەوە کارێکی وەختگر و ماندووکەر بووە، دەروجیران ئاگریان لە یەکتر خواستۆتەوە، جا کاتێ کەسێ سەرەبزوێتێکی لە هاوساکەی وەرگرتووە، زۆر بەپەلە بووە بەر لەوە کە لێی بکوژێتەوە بیگەیەنێتە ماڵەوە تا ئاگری پێبکاتەوە. ئیتر ئەم حاڵەتە وەک مەسەلی لێهاتووە و یەک بە یەکی گوتووە: «ئەرێ بۆ هێندە بەپەلەی؟ خۆ ئاورت پێنییە!» «خاڵم هات بەڵام گیر نەبوو، دەتگوت ئاوری پێیە!» «کچێ دانیشە دەی، دەڵێی ئاورت پێیە!»

**ئاورینگ**

«پریشکی ئاگر» (هێمن). ئاورنگ، پزیسک.

**ئاونگ**

«شەونم» (هێمن). خوناو، قەراو. § دوو وشەی «ئاونگ»ی تریش هەیە کە ریشە و مانایان لە یەکتر و لەمە جیاوازە: ئاونگ (هاونگ، دەسکاونگ) و «ئاونگ» (میلاق: هێشووە ترێی بە بان هەڵاوەسراوی کەمپاو).

**ئاویلکە**

ئاوزینگ، سەرەمەرگ، گیانەڵا، گیانکەنشت. § هیچکام لە فەرهەنگەکان نەیانوونووسیوە ئەم وشەیە چۆن لە رستەدا دەکار دەکرێ و لەگەڵ کام فیعل دەسازێ! هێمن ئەم ئاوەی بە شێوەی «کەوتنە ئاویلکە» بە کار هێناوە: «ئیستاش پیرم و کەوتووەمە ئاویلکە || چاوی جوانم لێ وێ دەکا چاویلکە» بەڵام «ئاویلکە»، جگە لە «کەوتن»، لەگەڵ فیعلی تریش رێکدەکەوێ: «فلانکەس ئاویلکەی دەهاتێ»، «ئاویلکەشی بێتێ، خۆی تێناگەیەنم»، «خۆ ئەو پیرێژنە بێچارەیە ئاویلکەیەتی!» «ئاویلکەئاویلکەی مرینت بێ، خۆت تێناگەیەنی»، «فلانکەس ئاویلکەی سەرەمەرگی بوو».

**ئۆخژن**

سوکنایی، ئاسوودەیی، تەسکین. § ئەم وشەیە لە ئەسڵا وەک «شەقژن» و «کوژژن» و «خرمژن» و «بۆلژن» ناوی دەنگە و دەلالەت لەسەر دەنگی «ئۆخە / ئۆخەی» دەکا بەڵام ئێستا لە مانایەکی فراوانتریشدا بەکار دەهێنرێ و بە «ئارامی» و «ئاسوودەیی» و «خۆشی»یەک دەگوترێ کە دوای «ئاسە»، «نیگەرانی» یا «نارەحەتی»یەک هەستی پێدەکرێ. بۆ نموونە ئەوترێ «دایکە وەختێ چاوی بە کوڕەکەی

کەوتەوە، ئۆخژنی هاتێ / ئۆخژنی کەوتە دڵەوە.» کە مانای ئەوە نییە دایککە حەتمەن بە دەم وتبێتی، «ئۆخەی!»

**ئۆردوو**

لەشکر، قۆشەن، سپا.

**ئەتڵەس**

چەشنێ قوماشی ئاوریشمی تەرحدار کە دیوی جوانی بریقەدار و کەمێ کوڵکنە.

**ئەسپۆن**

١. «گیایەکە ڕیشەکەی وەک سابوون کەف دەکا» (هێمن). ٢. هاڕاوی ڕیشەی گیای ئەسپۆن کە بۆ جل شوتن کەڵکی لێوەردەگیرا. § گیای ئەسپۆن کورتەپنجێکی چەندساڵەیە، لاسکی گرێگرێیە، گەڵای تەختە، گوڵی وردە و ڕیشەی ئەستوور و سپیگۆشتە. زەمانی زوو کە سابوون نەبوو یا ئەگەر هەبوو بۆ زوربەی خەڵک نەدەهاتە کڕین، ڕیشەکەیان وشک دەکرد و بە دەستاڕ دەیانهاڕی و جلیان پێدەشوت.

**ئەستەم**

١. دژوار، سەخت، موشکڵ. ٢. سفەت و ناوە بۆ کێو یا بەندەنێ کە ڕژد و ناهەموار بێ و مرۆڤ نەتوانێ بە هاسانی لێی سەرکەوێ و دەرباز بێ.

**ئەنگوان**

«پێکران» (هێمن). § «ئەنگێوران»یش دەڵێن. مەسدەری تێپەڕی ئەم فیعلە «ئەنگاوتن»ە.

**ئەنگووتن**

(هی بەیان / بەیانی) داهاتن، دەرکەوتن، بەربوون. § زەبیحی لە بەرگی یەکەمی *قامووسی زمانی کوردی*دا «ئەنگووتن» بە «سەر دەرهێنان و لە ئاسۆ دەرکەوتن» و «دەست پێکردن و هەڵکردنی با» مانا لێدەداتەوە و دەڵێ ئەم فیعلە تەنیا بۆ ئەستێرەی «گەلاوێژ» و «نەسیم» گوتراوە و نەدیتراوە بڵێن ئەستێرەی «کۆ» یا بای «شەماڵ» ئەنگووت؛ هەژار لە *هەنبانەبۆرینە*دا ئەنگووتن بە «هەڵاتنی تاک ئەستێرە» و «هەڵکردنی بای هێدی» دەزانێ؛ گیو لە *فەرهەنگی کوردستان*دا «ئەنگووتن»ی جگە لە «گەلاوێژ» بۆ «پێروو» و «بای بەیان» و «سەرما»ش بەکارهێناوە: «پێروو ئەنگووت»، «بای بەیانی ئەنگووت»، «سەرما ئەنگووت»؛ بەڵام ڕاست ئەوەیە کە قەڵەمڕەوی مانای «ئەنگووتن» زۆر لەوە هەراوترە و دەکرێ بۆ «داهاتنی بەیان» و «لە ئاسۆ دەرکەتنی خۆر و مانگ و هەموو ئەستێرەکان» و «هەڵکردنی هەموو بایەک» بگوترێ. بە کورتی دەکرێ بێژین ئەم فیعلە هاوتای «طلوع کردن» و «بردمیدن»ی فارسییە: بەیان ئەنگووت و سۆفی تاکە تاکە || گوتیان هەستین بچین بۆ نوێژێ چاکە (هێمن)؛ سەبا گەر لابدا زولفت لە کوڵمت || دەڵێم یا ماهە یا خورشیدە ئەنگووت (کوردی)؛ مـوژدەبێ بای وەعدە ئەنگووت پێشڕەوی هات عەندەلیب || حەسرەتا

هاوتەبعی یارم دەی فێراری کردووە (زێوەر).

### ئەی داد و بێداد

عیبارەتێکە بۆ دەربڕینی داخ و حەسرەت یا ترس و داماوی دەگوترێ. ئەی هاوار، ئەی بۆ خاتری خودا.

### ئێخە

یەخە، بەرۆک، پێسیر.

### ئێوارەبازاڕ

بازاڕی وەختی ئێوارە کە هەندێ فرۆشیار شتەکانیان لە کاتی ڕابردووی ئەو ڕۆژە هەرزانتر دەفرۆشن و کڕیاریش بەپەلەن بەرلە تاریک داهاتن و هەلگیرانی بازاڕ، شتەکانیان بکڕن و بچنەوە بۆ ماڵ. § شتی وەک میوە و تەڕەکاڵ و سەوزی، ئەگەر هەر ئەوڕۆژە نەفرۆشرێ و بمێنێتەوە بۆ سبەینێ، کۆن دەبێ و لەوانەیە ئیتر کەس نەیکڕێ. وایش هەیە شتەکە هی خراپ بوون نیە و زۆربەشی فرۆشراوە بەڵام فرۆشیار دەیەوێ ئەو کەمەیش «لەکۆڵ خۆی بکاتەوە» یا هەر دەیەوێ لە ئاخرین دەرفەتی بازاڕی ئەوڕۆژە کەلک وەرگرێ؛ جا بۆیە هەرا دەکا: «وەرە ئێوارە بازارە، هەراجم کردا» زەبیحی دەڵێ «ئێوارەبازاڕ» بریتی‌یە لە «بازاڕی چۆڵ و کەمکڕیار لەبەر درەنگەوەختی»؛ ئینجا لێی‌زیاد دەکا و دەڵێ بە کینایە بە «بازاڕی کەساد و بێبرەو»یش دەوترێ (۱۹۷۷: ۲۳۸).

## پ

### بابۆ

«بۆن هەلگرتنی تولە» (هێمن). § ئاشکرایە هێمن «بابۆ»ی بە مەجاز و بە مانای «گەڕان بۆ دۆزینەوەی کەسێ» بە کار کردووە. فەرهەنگی خاڵ و فەرهەنگی کوردستان و هەنبانەبۆرینە، «بابۆ»یان نەگرتووە، تەنیا قامووسی زمانی کوردی گرتوویەتی کە ئەویش بە «سفەتی تیکەڵاو»ی دەزانێ و دەڵێ بریتی‌یە «لە حاڵی گۆلەسەگێکی بە شوێن دێڵەبەبادا هەڵوەدا بێ» (۱۹۷۹: ۱۱)؛ بەڵام ئەم وشەیە سفەت نیە بەڵکوو ناوێکی لێکدراوە کە لە دوو کەرتی «با» (مەیلی جووت بوونی سەگی مێ) + بۆ (بۆن) پێکهاتووە. ئەگەر خۆ لەباسی کەم و زۆر بوونی هۆرمۆنگەلی «ئێستروجن» و «پرۆجێسترۆن»ی سەگی مێوینە ببوێرین و بمانەوێ کورت و سادە بدوێین، «بابۆ» یانی «بۆنی دێڵەبەبا» (کە گەماڵ هەستی پێ‌دەکا). ئەم وشەیەش – ئەوەندەی ئێمە بزانین – تەنیا لە چوارچێوەی فێعلی لێکدراوی «بابۆ هەلگرتن» و «بابۆ گێران»دا بە کار دەهێنرێ. بە وتەی کاک سەلاح پایانیانی، «بابۆ هەلگرتن / گێران» جگە لە مانا ئەسڵەکەی، بۆ دوو مانای

مەجازیش دەگوترێ: «گەرانی سەگ بۆ دۆزینەوەی نێچیر و شتی وا» و «باڵغ بوونی کور و بزووتنی مەیلی بۆ مێوینە»؛ بۆ نموونە دەڵێن: «سەگەکان بابۆیان هەڵگرتووە.» هەروەها دەڵێن: «ئەو کورە بابۆی هەڵگرتووە.» جێی سەرنجە کە جاری وایە لەبری «بابۆ» دەڵێن «بۆبا»، بەڵام «بۆبا» تەنیا لەگەڵ فیعلی «کردن» بە کار دەهێنرێ؛ بە وتەیەکی تر، «بۆبا کردن» دەگوترێ ئەمما «بۆبا هەڵگرتن» و «بۆبا گێران» نا.

**باسی سەر**

کاتێ ئەوترێ «کارێ، خواستێ یا مەبەستێ باسی سەرە» مانای ئەوەیە کە هەرکەس ئەو کارە بکا، ئەو خواستە دەربڕێ یا ئەو مەبەستە بێنێتە گۆڕێ، مەترسیی ئەوە هەیە کە لە لایەن کەس یا کەسانی دەسەڵاتدارەوە بکوژرێ. § جێی سەرنجە کە «باسی سەر» کەمتر بە مانای دەقیقی خۆی یانی «مەترسیی کوژران» دە کار دەکرێ و زۆرتر بۆ گەورە پێشاندانی «مەترسیی سزا» یا «مەترسیی دەردەسەر» دەگوترێ.

**باو، باوی کەسێ یا شتێ بوون**

کاتێ ئەوترێ «باو باوی کەسێک یا شتێکە» مەبەست ئەوەیە کە ئەو کەسە یا ئەو شتە لە سەردەمێ یا لە کۆمەڵگەیەکی تایبەتیدا لە هەمووکەس یا لە هەمووشتێ لەپێشتر و پەسندترە. § هێمن کە دەڵێ: «لەوێش باو باوی پیاوی بێشەرم بوو»، مەبەستی ئەوەیە لەو وڵاتەش مرۆگەلی بێشەرم و بەدکردار کاربەدەست و کامڕەوا بوون.

**باوەباو**

جارناجارێ لە گۆشەیەکەوە تەماشای کەسێ کردن بە چەشنێ کە تەماشاکراوەکەش چاوی بە تەماشاکەرەکە بکەوێ. § ئەم کارەش وەک «باوباوێن» لە ئەسڵا ڕوخسار بە یەکتر نواندنە، بەڵام «باوەباو» کایە نیە و زیاتر بۆ نیازی ئاشقانە ئەکرێ.

**ببوو**

سووکەوەکراوی «بووبوو».

**بڕڕەک**

«بەرازی نێر» (هێمن).

**بژوێن**

«شوێنێ کە گیا و گوڵی زۆر بێ». (هێمن).

**بوولەرزە**

بوومەلەرزە، زەمینلەرزە. § کەرتی یەکەمی وشەی «بوولەرزە» یانی«بوو»، هەمان «بووم»ە کە دەنگی / م / ەکەی سواوە بەڵام لە وشەی «بوومەلەرزە»دا وەک خۆی ماوە. «بوو / بووم» بە مانای «زەمین» و «وڵات»ە و لە وشەگەلی «بوولێڵ»، «بوومەلێڵ»، «عەرز و بوو» و «بوودڕ»یشدا هەر بەم دوومانایە دەبینرێ. تەنانەت ڕێی تێدەچێ کەرتی

دوایی وشەی «بەر و بوو»ش وەک هی «بر و بوم»ی فارسی هەر ئەم وشەیە بێ.

**بوون بە پڵیتە**

بێئابروو بوون، بەدناو بوون، زۆر سووک و بێڕێز بوون. § «پڵیتە» لەم زاراوەیەدا نموونەی بێبایەخی‌یە.

**بۆکڕووز**

بۆنی سووتانی ئێسک و خوری و موو.

**بێچاو و ڕوو**

ڕووهەڵماڵاو، بێشەرم.

**بێخودان**

١. بێخێو، بێخاوەن، بێساحێب. ٢. (بە مەجاز) بێسەرپەرست، بێگەورە.

**بێداد**

بێدادی، ستەم، زوڵم، بێعەداڵەتی.

**بێڕەزا**

بێبەزەیی، بێڕەحم، دڵڕەق. § لە میسراعی «دڕندەی هار و ماری بێڕەزا بوو»دا، «ماری بێڕەزا» یانی ماری ئەنگیوە کە ئاشکرایە بەزەیی بە کەسدا نایە و دەسبەجێ پێوەدەدا.

**بێناز**

بە گشتی سفەتە بۆ کەسێ کە لە پشتیوانی و خۆشەویستی بێبەش بووبێ و بەتایبەتی سفەتە بۆ ژن یا منداڵێ کە سەرپەرست و مشوورخۆری نەمابێ. § «بێناز بوون»، «بێناز کردن»، «بێناز کەوتن» و «ناز شێوان» شکڵەکانی بەکارهێنانی ئەم وشەیەن لە عیبارەتگەلی فیعلی‌دا.

**بە دەس کەسێ چوون**

بە دەست یا بە فەرمانی کەسێ کوژران، بە دەست یا بە فەرمانی کەسێ لە ناو چوون.

**بەتاڵووکە**

(قەید) بەپەلە، بەلەز، بەهەشتاو، بەپرتاو، بەخێرایی.

**بەختەباران**

١. بارانی ئاخری بەهار کە بەهەڵکەوت لە هێندێ شوێن دەبارێ بەڵام ئیقلیمگیر نیە، بەختەڵباران. ٢. (بە مەجاز) ڕووداوی خۆشی چاوەڕوانی‌نەکراو.

**بەربوو**

بەردراو، وێڵکراو، ڕەهاکراو.

**بەرزەئاکار**

سفەتە بۆ کەسێ کە لە کار و ئاکاری‌دا لە ئوسوولی پەسندکراوی کۆمەڵگە لا نادا.

**بەرمووور**

ملوانکە، گەردنبەند، گەردانە.

**بەروو**

بەرۆک، پێسیر، یەخە.

**بەڕەڵبێن**

بەرەڵبێنە، بەرهەڵبێنە، بەربێنکە، بەرامپیل.

**بەسانی**

(قەید) بەهاسانی، بەشێوەیەکی هاسان، بەسانایی.

**بەسپایی**

(قەید) بەئەسپایی، بەئارامی، بەشێنەیی، بەهێواشی. § ئەم عیبارەتە قەیدی‌یە لە

سێ پاژی «بە» و «سپا / ئەسپا» و «یی» پێکهاتووە بەڵام پاژە ئەسڵەکەی، یانی«سپا / ئەسپا» کە دەبێ بە مانای «ئارام» و «هێدی» بێ، ئێستا لەبیر چۆتەوە و بەتەنیا دە کار ناکرێ. سەیر ئەوەیە عیبارەتی «بەشێنەیی»ش هەر ئاوای بەسەر هاتووە و «شێنە» بە تەنیا و جیا ناگوترێ.

### بە من

بە رای من، بە بڕوای من، من پێم وایە، من لام وایە.

### بەندهەڵبڕ

١. سفەتە بۆ کەسێ کە ئەگەر بیگرن و بیبەستنەوە، بەندەکە (تەناف، گوریس یا کەندر) دەبڕێ و خۆی ڕزگار دەکا؛ یا دەچێتە هانای مرۆڤی یەخسیر و بەندی دەست و پێی ئەو هەڵدەبڕێ و لە دەست زاڵم نەجاتی دەدا. ٢. (بەمەجاز) ئازا، بوێر، نەترس، کۆڵنەدەر.

### بەیدەست

سڵ، سرک، ڕەوەک. § هێمن «بەیدەست»ی هەر بەو مانایە بەکار هێناوە کە نووسیومانە، بەڵام زەبیحی کە هاوشار و هاواڵی هێمن بووە، لە بەرگی دووەمی *قاموسی زمانی کوردی*یەکەیدا، ئەم وشەیەی بە «زەعیف» و «بێهێز» و «بێدەستەڵات» داناوە و «بەیدەست کردن»ی بە «مەغلووب کردن» و «هێزی بەربەرەکانی لێبڕین» و «بە سەر کەسێکا زاڵ بوون» مانا کردۆتەوە؛ ئەڵبەتە نموونەی بەکار هێنانی ئەم وشەیەی پیشان‌نەداوە بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا نموونەی وا هەیە کە لێکدانەوەی ئەو تەسدیق بکا: مەحوی دەڵێ: «چاوەکەی بەیدەستی مەستی بوو، کەچی || هەر بە لەحزێ فیتنەیی بەرپا دەکا»؛ هەروەها پیرەمێرد لە ڕۆمانی *کەمانچەژەن*دا دەنووسێ: «لەو دڵنیاییم پەیدا کرد کە هیچی پێناکرێ، هەوڵی ئەوەم بوو ئەمیان بەیدەست بکەم، کوتوپڕ پەلاماری دەستی دەمانچەکەیم دا...» (٢٠١٢: ٢٠).

### بێبژیو

سفەتە بۆ کەسێ یا گیانداری کە لە خۆراکی کافی بێبەش بێ.

### بیبیلە

ڕۆچنەی بچووکی ناوەڕاستی عەنەبیەی چاو کە نوور لەوێوە دەچێتە ناو عەدەسییەوە، مەردومەک.

### بین پێوە نان

کە ئەوترێ «کەسێ بینی بە ئاو یا تراوێکی ترەوە نا» یانی ئەو کەسە دەمی بە ئاو یا تراوەکەوە نا و بێ دەم هەڵگرتن و پشوو تازەکردنەوە هەموو یا زۆری لێ خواردەوە. § دەکرێ لە جێی ناوی خواردنەوەکە، ناوی دەفرەکە دابنرێ، بۆ وێنە دەکرێ لەباتی «شێرکۆ

بیێنی بە شیرەکەوە نا و چۆری لێ‌بڕی» بیژین «شیرگژ بیێنی بە بوتڵەکەوە نا و چۆری لێ‌بڕی»

**بێ‌بەڵێن**

پەیمان‌شکێن، بەدقەول، بێ‌وەفا.

**بێ‌پەسیو**

١. بێ‌پەنا، بێ‌ئەنوا، بێ‌دالدە. ٢. (بە مەجاز) بێ‌خانوو، بێ‌ماڵ.

**بێ‌تەمیز**

نائیگەیشتوو، ناحالی، نەزان. § «بێ‌تەمیز» لە ئەسڵا یانی کەسێ کە توانستی لێک‌کردنەوەی چاک و خراپی نیە. «تەمیز» شکلی سواوی «تمییز»ی عەرەبی‌یە بە مانای «لە یەکتر جیا کردنەوە».

## پـ

**پاشەڕۆک‌خۆر**

پەرماوخۆر، پاش‌ماوەخۆر.

**پاناوک**

«تەختان و کزرایی لاقەدی چیا» (محەمەدی مەلاکەریم).

**پراوپڕ**

پڕپڕ، ڕژاورژ، لێواولێو.

**پشت لەبەر کەسێ کووڕ کردنەوە**

کڕنووش بۆ کەسێ بردن، لەبەر کەسێ تەعزیم کردن، لەبەر کەسێ داهاتنەوە. § هێمن کە دەڵێ «بەڵام دەوران دەبێ ڕۆژێ بدا سووڕ || لەبەر گەوران نەبێ پشتی خەڵک کووڕ»، مەبەستی ئەمەیە کە «وەزعی کۆمەڵگە درەنگ یا زوو دەگۆڕێ و ئیتر پشتی خەڵک لەترسان، لەبەر دەسەڵاتداران کووڕ نابێتەوە» بە وتەیەکی تر «درەنگ یا زوو خەڵک ڕادەپەڕن و چی دیکە ناهێڵن کاربەدەستانی ستەمکار مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی ئەوان پێ‌شێل بکەن».

**پنج‌ومۆر کردنی کەسێ**

دەرگا لەسەر داخستن و لە ناو ماڵدا ڕاگیر کردنی ژن یا کچ. وایش هەیە دەرگا لەسەر ژن یا کچەکە دادەخرێ و تەنیا بە مەنع کردنی لە چوونە دەرەوە، لە ماڵی‌دا بەند بکرێ. § هێمن کە لە زمان کچی میرەوە دەڵێ «وەڕەز بووم لەو ژیان و پنج‌ومۆرە»، «پنج‌ومۆر»ی بێ فیعلەکەی و بەشێوەی ناو بەکار هێناوە. § «پنج کردن» (نەک «پنج و مۆر کردن») بە پینە کردنی دەفری وەک گۆزە، کووپە، کیتەڵە، قابلەمە، جام، مەنجەڵ و ئافتاوە دەڵێن کە کون بووبێ یا قەڵشیبێ. ئەگەر دەفرەکە هی سەر ئاگر نەبێ، بە ئامێتەی خورما و مووی بزن پنجی دەکەن. بەڵام ئەگەر قەرار بێ بچێتە سەر ئاگر، بە هەویرێکی تایبەتی پنجی دەکەن کە ئامێژەنێکە لە زەردێنەی هێلکە و خاکەی «بەردەپنج». «بەردەپنج» کە «بەردەتراوکە»، «بەردەمردە» و «بەردەرزە»شی پێ‌دەڵێن هەر ئەو بەردەیە کەوا زەوی‌ناس پێی‌دەڵێن شیست (schist).

## پۆلوو

«پشکۆ» (هێمن). ئەسکڵ / سکڵ، پەنگر، پەرەنگ.

## پەپوو لە شوێنێ خوێندن

کاتێ دەربارەی شێوێنێ دەڵێن «پەپووی لێ دەخوێنێ»، مەبەست ئەوەیە کە ئەو شوێنە لە مرۆڤ خاڵییە یا بە وتەیەکی تر هیچکەسی لێ‌نیە. § ئەم زاراوەیە لەم ڕاستییەوە کەوتۆتەوە کە پەپوو (پەپووسلێمانی) هێلانە لە شوێنێ دەکا کە هاتوچۆی مرۆڤی بەسەرەوە نەبێ. ئەم زاراوەیە دەگەڵ فیعلی ئیجابی بەکار دەهێنرێ بەڵام هێمن دەڵێ: «ئەوین نەبوایە، پێی‌ناوێ بخۆی سوێند || جیهان چۆڵ بوو، پەپووش تێی‌دا نەدەخوێند» کە دەبوو بیگوتایە «جیهان چۆڵ بوو، پەپوو تێی‌دا دەخوێند»؛ وا دیار دەکا لەبەر وەزن و قافیە، ئەم کارەی کردبێ.

## پەتیارە

بەدکردار و بێعار، بەدفەڕ و بێ‌ئەخلاق. § *هەژار* لە *فەرهەنگی خاڵ* و *هەنبانەبۆرینە* ئەم وشەیە بە «شێتۆکە و بەڕەڵا و پەتەری و گەللایی» مانا دەکەنەوە کە بۆ لێکدانەوەی شیعری هێمن دەست نادا. هێمن کە لە «سووری دەوران»دا «پەتیارە» بۆ وەسفی پیاوە گەورەکانی میر بە کار دێنێ کە دیارە ناکرێ «سەرشێت و بێ‌مبالات» بن. لە فارسیی ئەمڕۆدا «پەتیارە» بە مانای «بەدفەڕ و مەردمئەزیەتکەر» دە کار دەکرێ بەڵام تەنیا بە ژن دەگوترێ.

## پەچە

ڕووبەند، ڕووپۆش.

## پەڕاکەندە

بڵاو، پەخش، پەرێشان. § «پەڕاگەندە»ش دەڵێن.

## پەرژینی بەزی

پەرژینێ کە بە درکەزی کرابێ. ← زی.

## پەڕیوە

سفەت یا ناوە بۆ کەسێ کە لەبەر هەر هۆیەک وڵاتی خۆی جێ‌هێشتبێ و لە وڵاتێکی تر گیرسابێتەوە. پەڕەوازە، ئاوارە.

## پەشۆکان

حەپەسان، عەبەسان.

## پەشێواو

شێواو، پەشێو، ئاڵۆز، پەرێشان.

## پەلکی گوڵ

پەڕی گوڵ. § «پەلک» بۆ سێ مانای تریش بە کار دێ: گەڵا، لک / لق و کەزی (ڕشتەی پرچی وەهۆنراو).

## پیرۆزە

باڵدارێکی خەیاڵییە کە گوایە سێبەری بکەوێتە سەر هەرکەس، بەختەوەر دەبێ. بە فارسی پێی‌دەڵێن «هوما». § «پیرۆزە»یەکی تریش لە زمانی کوردی‌دا هەیە: بەردێکی گرانبایی کە

ڕەنگی شینی ئاسمانییە و لە کانگە دەردێ. لە فارسیدا پەمەیان دەڵێن «فیروزە».

## پێروو

«ئەستێرەی کۆ» (هێمن). § کۆمەڵە ئەستێرەیەکە ژمارەیان لە دووسەد پترە بەڵام تەنیا شەشحەوت دانەیان بە «چاوی ڕووت» دەبینرێن. بە فارسی «پەروین» و بە عەرەبی «ثریا»ی ناوە.

## پینەی شینی سەر شان

پەڕۆی شینی سەر شان. مایەی تەنگ. نیشانەی بێئابڕوویی. § ڕەنگبێ ریشەی ئەم زاراوەیە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کە کۆمەڵ بۆ سزا دانی کەسێ کە کارێکی زۆر ناڕەوای کردبێ و بە وتەیەکی تر تابوویەکی گەورەی شکاندبێ، ناچاری کردبێ پارچە قوماشێکی شین لەسەر شانی خۆی دابووڕێ. ئەمڕۆ ئەم زاراوەیە بۆ حاڵەتێ دەگوترێ کە مرۆڤێ بەهۆی «قەباحەت»ێ کە خۆی یا کەسێ کردبێتی یا بێگانە بەسەر خۆی یا کەسێ هێنابێ، لەبەر چاوی خەڵک بێئابڕوو بووبێ و لەم بابەتەوە باسی بکەن و بە یەکتری نیشان بدەن.

## پێی کەسێ گەیشتنە ئاسمان

(بە مەجاز) بەرزترین پلەی ڕێز یا مەزنایەتی دەست کەسێ کەوتن. § ئەم زاراوەیە وەختێ دەگوترێ کە ڕێزەر بیەوێ لایەنێکی خراپی شەخسیەتی کەسێ زۆر گەورە پیشان بدا. جا بۆ ئەم مەبەستە دەڵێ ئەوکەسە بەهۆی عەیبێ کە هەیەتی، ئەگەر بە بەرزترین پلەی ڕێز یا دەسەڵاتیش بگا، هەر بە ئینسانێکی نزم حیساب دەکرێ؛ بۆ نموونە دەڵێن: «پیاوی درۆزن، ئەگەر پێی بگاتە ئاسمانیش، هێشتا هیچ نیە!»

## تـ

## تاڵان و بڕۆ

پەلامار دان و تاڵان کردنی کۆمەڵگەیەک بەشێوەیەکی هەراو و درێژخایەن لە لایەن دەستەیەکەوە.

## تامان

پەرژینێکی بڵێند کە بە لقی دار دروست کرابێ. تەیمان. چەپەر.

## تخێڵ بوون

کەوتن یان خۆ خستنی مرۆڤێ کە بەسەر پێوەیە بە چەشنێ کە تەواو ڕاکشێ و ئیتر جووڵە نەکا.

## ترس و ڕەو

ترسی گشتیی ناو کۆمەڵێکی تایبەتی کە هەندێ کەس ڕادەکەن یا خۆ دەشارنەوە.

## ترەختان

١. (ناو) چوارناڵە ٢. (قەید) بەچوارناڵە.

## تلاسا بوون

«هەڵخلیسکان» (هێمن). لە جێیەکە یا ڕێگەیەی دیاریکراوی خۆ ترازان. § ڕاستە «هەڵخلیسکان» بە «تلاسا بوون» دەدرێتە قەڵەم بەڵام

هەموو «تلاسا بوون»ێک «هەڵخلیسکان» نیە. هەژار لە *هەنبانەبۆرینە*دا وردتر و دروستتر بۆ مانای «تلاسا بوون» چووە بەڵام مەسدەرەکەی بە «تلاسان» زانیوە کە ئەم مەسدەرە لە زمانی کوردیدا هەر نیە. ئەگینا هێمن لەباتی «ناخی گۆری تەنگە جێگەم. هەر تلاسا بێ قەدەم»، دەبوو بیوتایە «ناخی گۆری تەنگە جێگەم، بێت و بتلاسێ قەدەم»

### توند

سفت، پتەو، پەیت.

### تەخت

(هی دەریا و چەم و گۆم) بەستێن، بن. § «تەختی بەحران» یانی هەردی ژێر دەریا، بەستێنی دەریا.

### تەخت و بەخت

(بە مەجاز) دەسەڵات و بەختەوەری.

### تەرپۆش

سفەتە بۆ کەسێ کە بەرگی جوان و لەبار دەکاتە بەر، شیکپۆش.

### تەسک

١. (بۆ سەتح) باریک، کەمبەرینایی، ناهەراو ٢. تەنگ، ناگوشاد. § هێمن کە دەڵێ «ئەوەندە تەسکە بیری گەندەپیاوان» سفەتی «تەسک»ی بە مانای «مەحدوود» و «ناقیس» بە کار هێناوە و مەبەستی ئەوەیە کە بیروباوەڕی «گەندەپیاو» بەهۆی تەعەسسوب و نەزانی، دواکەوتووانەیە.

### تەشیڕێس

(بە مەجاز) ڕیاییباز، مەراییکەر، زمانلووس. § ئەم وشەیە و ماناکەی لە زاراوەی «تەشی لەبەر کەسێ ڕستن» کەوتۆتەوە.

### تەشیڕێسی

«کنایە لە ریابازی‌یە» (هێمن).

### تیتۆڵتیتۆڵ

سفەتە بۆ جلک و قوماشێ کە لە چەند جێگەوە درابێ. § «تیتۆڵ» بە کونەقوماشێک ئەوتری کە بە «دران» یا «درین» لە پارچە قوماشێکی گەورەتر جیا بووبێتەوە.

### تیر و تانە

تەوس و پلار، تەوس و توانج § بەکارهێنانی دوو وشە لەم عیبارەتگەلەدا، بۆ نیشاندانی فرەیی و جۆراوجۆریی مەدلوولەکەیەتی؛ کەوابوو «تیر و تانە» یانی توانجی زۆر و جۆربەجۆر.

### تێکئەڵقان

تێکگیران، بەیەکا چوون و لەیەک گیربوون.

## ج

### جدەو بوون

١. ئێشان و گیرانی شان و پیل بەهۆی کاری گران. ٢. بریندار بوونی سەرشان

(جەدوگە)ی ئەسپ و ئێستر و کەر بە کورتان و بار.

### جواناو

ئارەقی سەرەمەرگ، ئارەقەی بەدەنی مرۆڤی کە خەریکە ئەمرێ.

### جووتێر

جووتیار، وەرزێر، وەرزیار، کەشاوەرز. § گۆڕانی بزوێنی /ا/ بە /ێ/ لە زمانی کوردیا زۆر باوە؛ بۆ نموونە «حیساب» دەبێ بە «حسێب»، «داد» دەبێ بە «دێد»، «ناو» دەبێ بە «نێو»، «جووتیار» دەبێ بە «جووتێر» و «وەرزیار» دەبێ بە «وەرزێر». لەبابەت «وەرزێر»ەوە پێویستە بوترێ هەندێ کەس دەنگی ئاخری ئەم وشەیە لەباتی /ر/ بە /ڕ/ تەلەفوز دەکەن و دەڵێن /وەرزێڕ/ کە هەڵەیە. ـ «بزنێ دێرمە، دۆکەی بۆ وەرزێرمە» (فۆلکۆر).

### جەرگی کەسێ بە کوچکەوە دان

دایک بە کوشتنی منداڵەکەی داخدار کردن. § ئەم زاراوەیە کە بەتایبەتی بۆ کوشتنی کوڕی پیرەژن یا بێوەژنان دەگوترێ، دەرد و ڕەنجی دایکی ڕۆڵەکوژراوی شوبهاندووە بەو حاڵەتە سووررپاڵەی کە جەرگی لە سینە دەربێنن و بیخەنە سەر کوچکی ئاگردان.

### جەمام بوون

ئەستوور بوونی جمگەی دەست (هێمن). ئاوسان و ئێشانی جومگەیەکی بەدەن بەتایبەتی جومگەی دەست بەهۆی کار.

### جێپاروو

(بە مەجاز) چێشت، تەعام، خۆراک.

### جێگەیەک سەنگوسووژن دان

بەتەواوی گەڕان و تەماشا کردنی شوێنێ بۆ دۆزینەوەی شتێ. § ئەو جێگەیەی «سەنگوسووژن دەدرێ» دەکرێ هۆدەیەک یا گەورەتر بێ تا ڕادەی وڵاتێک و تەنانەت گۆی زەوی: «ئەم وەتاغەم سەنگوسووژن دا، قەڵەمەکەم نەدیتەوە!» «بازاڕی سەنگوسووژن دا تا چەند هەناری پەیدا کرد.» «کورەی زەمین سەنگوسووژن بدە بزانە عەداڵەتی ڕاستەقینەت دەست دەکەوێ!» زەبیحی ئەم زاراوەیەی بۆ گەڕان و پشکنینی مەجازی‌ش بە کار هێناوە: «... کەچی "المنجد"م سەنگ و سووژن دا وشەی "بەدرەقە"م تێدا نەدۆزیەوە» (١٩٧٩: ١٤٥).

### جێی متمانە بوون

کە ئەوترێ «کەسێ جێی متمانەیە» یانی لە زەمینەیەکی تایبەتی‌دا بە شێوەیەک ڕەفتار یا کار دەکا کە تۆ چاوەڕوانیت هەیە. جێی باوەڕ بوون، شیاوی بڕوا بوون. § سفەتی کەسێ کە جێی متمانەیە، ئەبێ بە «جێ‌متمانە»؛ بۆ وێنە ئەوترێ «پەری ئینسانێکی زۆر جێ‌متمانەیە.»

## چ

### چاوتێر

سفەتە بۆ کەسێ کە بەهۆی بێنیازیی ماددی، تەماع ناکاتە دارایی کەسانی تر. § کاتێ هێمن دەڵێ «هونەرمەندێ بە زگ برسی و بە چاو تێر» یاری بە وشەکە دەکا و چاوی تێری هونەرمەندەکە لەلای زگی برسیی ئەو دادەنێ کە ئەمەش یانی بێتەماع بوونی ئەو هونەرمەندە بەرهەمی بیر و بڕوایەتی، ئەگینا زۆر هەژار و نەدارە.

### چاولەدەستی کەسێ بوون

موحتاجی کەسێ بوون.

### چزیلک

«بەو پارچە دووگانە دەڵێن کە هەڵچزاون و چەوراییان پێوە نەماوە» (هێمن).

### چزیلک بە کەسێکەوە نەبوون / نەمان

کاتێ ئەوترێ «کەسێ چزیلکی پێوە نیە / نەماوە» یانی ئەوکەسە زۆر لاوازە یا زۆر لاواز بووە. تەقریبەن وەکوو ئەوە وایە بوترێ «چەوریی بە بەدەنییەوە نیە / نەماوە» § فیعلی ئەم زاراوەیە بەشێوەی سەلبی یا پرسیار بەکار دێ کە پرسیارەکەش هەر مانای سەلبی دەگەیەنێ: «بۆ کەسێکە مەی [کە] چزیلکی پێوە نێ (نیە)»؛ «خۆ ئەم کورە چزیلکی پێوە نیە!» «جا کوا، فاتمی بەستەزمان چزیلکی پێوە ماوە؟»

### چڵکنە

هەمان مانای چڵکن (پیس، چەپەڵ یا بۆری بەدرەنگ) دەدا کە بەهۆی پاشگری «ـە / ە» سفەتەکەی زەقتر کراوە و سووکایەتییەکی زیاتری دراوەتە پاڵ.

### چلوان

جەمعی وشەی «چلە»یە کە دەنگی / وو / هەکەی کورت بۆتەوە: چلوو + ان ⇐ چلوان. مەبەست دوو چلەی زستانە یانی چلەی گەورە (سی ڕۆژی مانگی یەکەم و دە ڕۆژی هەوەڵی مانگی دووهەمی زستان) و چلەی بچووک (بیست ڕۆژی دوایی مانگی دووهەمی زستان). § «بە چلوان دەرکرام»، یانی لە ساردترین کاتی فەسڵی زستانا دەریانکردم.

### چۆلەپێچە

کوتە دارێکە کە لە گوریسی شتی بەستراو (بە تایبەتی بار) با دەدرێ تا شلایی لێ ببڕێ و شتە بەستراوەکە جوولە نەکا. چۆلەپێچەن. § «بە چۆلەپێچە بەستن»، یانی بەستنی شتێک و توندتر کردنی بەندەکەی بە چۆلەپێچە؛ بەڵام هێمن کە دەڵێ «دەس و پێیان بە چۆلەپێچە بەستن»، ڕێی

دەچێتێ ئەم عیبارەتەی بە مەجاز و بە مانای موتڵەقی شەتەک دان یا توند بەستن بە کار هێنابێ.

**چەتان**

(جەمعی چەتە)چەتەگەل، تەردیدەگەل.

**چی دی**

هیچی تر.

**ح**

**حافز**

کوێری قورئانلەبەر کە بگەڕێ و داوای خێر و سەدەقە لە خەڵک بکا § زوربەی حافزەکان لەو کەسانەن کە بە منالی و لەبەر نەبوونی ئیمکاناتی پزیشکی، بە سووریژە یا ئاولە چاویان کوێر بووە.

**خ**

**خاسەکەو**

کەوی ئاسایی (بەلای کوردەوە) کە نەخشین و دەنگخۆشە و لە کوێستان و لە ناو ڕەوەزان دەژی. بە زاراوەی زانستی بەم جۆرە کەوە دەڵێن Alectoris chukar. § کورد نەخشی سەر و گەردنی خاسەکەو بە «خاڵ و میل» یا «خەت و خاڵ» ناو دەبا و فیعلی «ڕشتن»ی بۆ بە کار دێنێ. حەمدی دەڵێ: «بۆ خەت و خاڵی ملی شیرین کە وەک کەو ڕێژرا || هەر ئەزەل خوێنی دلی فەرهاد و خوسرەو ڕێژرا»

**خانەبگیری**

غافڵگیر کردن و دەردەست کردنی کەسێ لە ناو ماڵا، خانەبگیر کردن.

**خاو**

«گیایەکی کوێستانی زۆر نەرمە» (هێمن). «گیایەکی بۆنخۆشە، وە کەرەوزی دەچێ و لە چیایان و جێگایانی سەخت پەیدا دەبێ. کە مەشکە بۆگەن بێ، ئەو گیایەی تێدەکەن بۆنی خۆش دەکات» (فەرهەنگی کوردستان).

**خواجە**

«خواجە مانای زۆرن، بەڵام مەبەستی من لێرەدا ئەو کۆیلانەن کە دەربەگ و خاوەنکۆیلەکان دەیانخەساندن و لە حەرەمخانەدا کاریان پێدەکردن و پێیان‌دەگوتن خواجە» (هێمن).

**خودای شەڕ**

ئەهریمەن، شەیتان. § مەبەست لە «شەڕ» موتڵەقی «بەدی» یا «خراپە»یە کە دیارە جەنگ و خوێنڕێژیش دەگرێتەوە.

**خوڕ**

سفەتە بۆ ئاوی ڕەوان کە توند دەڕوا و بەهۆی ناهەمواریی بەسترەکەی شەپۆل دەدا و دەنگی دەبیسرێ (خوڕەی دێ).

**خونکار**

حاکم، میر، حوکمدار.

**خوێن هاتن و سەران بردن**

کاتێ ئەوترێ «خوێن هات و سەرانی برد» مەبەست ئەوەیە کە خوێنی زۆر کەس ڕژا و سەری زۆر کەس پەڕی؛ بە

وتەیەکی تر «کوشتارێکی یەکجار گەورە و بەسام رووی دا.» § کاری ئەم زاراوەیە تەنیا گەورە نواندنی ئەندازەی کوشتارەکەیە و کەم وا هەیە مانای راستەوخۆی وشەکانی بگەیەنێ. لە فۆلکلۆری موکریانا باسی «ئیمامی عەلی» دەکرێ کە لە «خەزا»یەکا وتوویەتی، «تا خوێن نەیە و سەران نەبا، دەست لە کوشتنی کافران هەڵناگرم!» خوداش بۆ ئەوەی «ئیمامی عەلی» چی تر ئەم عەبدانە نەکوژێ و لە عەینی حاڵا سوێندیشی لێنەکەوێ، بارانێکی ئەوتۆی باراندووە کە لافاو هەستێ و لەتەک خوێنی رژاودا تێکەڵ بێ و تەرم و سەری پەڕیوی کافران راماڵێ. ئا بەمجۆرە «زولفەقار» گەڕاوەتەوە ناو کالانی خۆی.

**خۆڕسک**

سفەتە بۆ گیا یا درەختێ کە بەشێوەی سروشتی ڕسکابێ (ڕوابێ) و مرۆڤ نەیچاندبێ یا نەیچەقاندبێ.

**خێری خودا**

وشەی پەسن دانە بۆ کچ یا ژنی زۆر چاک و پاک (لە ڕوانگەی وێژەرەوە و بە نیسبەت کەس و کاری کچ یا ژنەکەوە).

**خێوی شەو**

«خودای شەو، خاوەنی شەو» (هێمن). § «خێو» لە عیبارەتی وەک «خێوی شەو»، «خێوی کانی» و «خێوی دارستان»دا، بە مانای «خوای دیاردەیەکی تایبەتی»یە کە بە عەرەبی«رب‌النوع»ی پێدەڵێن. ئەم باوەڕەش، دیارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەساتیر.

د

**داتەپیو**

(بە مەجاز) سفەتە بۆ کەسێ کە بەهۆی پیری یا نەخۆشی یا دژواری، لەڕ و بێهێز بووبێ و شانی داکەوتبێ یا پشتی کۆم بووبێ. § «داتەپین» بە مانا گشتی‌یەکەی، کاتێ ئەوترێ کە جیسمێک بە هۆی فشاری شتێ یا لەبەر گرانایی خۆی، لە ئاستی ئاسایی خۆی نزمتر بووبێتەوە: «میچی ئەم هۆدەیە تەواوێک داتەپیوە؛ هاکا ڕووخا!» «لکوپۆپی دارەسێوەکانمان بە بەفری ئەستووری ئەم زستانە، هەموو داتەپیوە.»

**داد پرسین**

بە شکاتی کەسێڕا گەیشتن، تۆژینەوە لە ئیددیعای کەسێ کە دەڵێ زوڵمی لێکراوە و تۆڵە بۆ کردنەوەی ـ ئەگەر دەرکەوت ڕاستی کردووە.

**داد و گازندە**

هاوار و سکاڵا، هاوار و شکات.

**داربەدەس**

(بە مەجاز) چەکدار یا دەسەڵاتدار.

**دارەبەن**

درەختی قەزوان، داری وەنەتاق، داری ونەوشک.

**داڵ**

داڵاش، خەرتەل.

**دامران**

دامرکان، ڕۆمرکان، داسەکنین، سرەوتن.

**داوەران / داوەرین**

(بە مەجاز) هاتنی لەناکاو و خێرای چەندکەس بۆ شوێنێ بۆ کار یا مەبەستێکی تایبەتی. § «بە جارێ داوەرین چەند زرتەسووری» یانی دەسبەجێ چەند پیاوی زەبەلاح هاتنە ئەو شوێنە.

**دروان**

دووران § کەوابوو «دروابێ» یانی «دوورابێ».

**دروون**

دوورین.

**دزێو**

«ناشیرین» (هێمن).

**دڵبەسۆ**

(بە مەجاز) سفەتە بۆ کەسێ کە بەهۆی ڕووداوی ناخۆشی وەک لەدەست چوونی خۆشەویستێ، تووشی خەم و خەفەتی گران و درێژخایەن بووبێ. دڵبریندار. § یەکێ لە ماناکانی «سۆ»، ژان و تەزووی برینە. کە دەڵێن «برینەکەم هاتەوە سۆ» مەبەست ئەوەیە کە برینەکە دوای ماوەیەک سارێژ بوونی ڕواڵەتی، تازە بۆتەوە و ئێستا ژان دەکا و چڵ دەدا.

**دڵۆ**

«بەو توێخەی دەڵێن کە دەستی کرێکار دەری‌دەکا» (هێمن).

**دنیا بە کەیفی کەسێ بوون**

کاتێ ئەوترێ «دنیا بە کەیفی کەسێکە» مەبەست ئەوەیە کە هەلومەرجی دنیا بۆ شێوەی ژیانی ئەوکەسە زۆر لەبارە و ئەوکەسە دەتوانێ بەهاسانی خواستەکانی خۆی وەدی‌بێنێ و پێداویستەکانی دابین بکا. § وشەی دنیا لەم زاراوەیەدا دەکرێ بە مانای چوارچێوەیەکی بچووکتری وەک وڵات و شار و گوندیش بێ؛ بۆ نموونە لەم میسراعەی هێمن‌دا، دنیا بریتی‌یە لە وڵاتی بەرحوکمی میرێک: «لەوێش دنیا بە کەیفی بێ‌هونەر بوو.»

**دوڕ**

(قەید) دەروون، نێو، ناو.

**دوڕ**

مرواری.

**دوند**

«بەرزترین شوێن لە هەموو شتدا» (هێمن). ترۆپک، لووتکە.

**دووروڵات**

وڵاتی دوور، وڵاتی بێگانە، وڵاتی غەیری وەتەن.

**دۆ**

کیژێ کە لە گەڕی هەڵپەڕکێدا دەستی کوڕی گرتبێ. § ئەو کچەی کە دەستی چەپی لە دەستی ڕاستی کوڕدا بێ، بە دۆی ئەو کوڕە دادەنرێ و گۆرانیبێژ تەنیا بەبۆنەی ئەو بە کوڕەکە هەڵدەڵێ و شاباش وەردەگرێ. هێمن کە دەڵێ «ئەو کوڕەی دۆی داوەتێ دەستی دەنێ» ئیشارە بەو ڕەسمە دەکا کە کچ مافی ئەوەی هەیە بچێتە ناو گەڕی شایی دەستی کوڕی هەڵبژاردەی خۆی بگرێ بەڵام کوڕ ناتوانێ بچێ دەستی کچ بگرێ، مەگەر کچ خۆی داوای لێبکا و بە وتەی هێمن «دەستی بداتێ» یا مەگەر کچە کەسی خۆی بێ و تێیڕاببینێ (پیا بپەرموێ). وشەی «دۆ»ی موکریانی لەگەڵ «دۆت»ی کرمانجی، «دویەت» کەلهوڕی، «دوێت»ی لوڕی و «دخت / دختر»ی فارسی ڕیشەیان یەکە.

**دۆک**

شۆکە. § ئافەتێکە لە تیرەی قارچک کە لەپێشدا خاڵخاڵ و پاشان بە شێوەی توێژێکی سپی گەڵا و بەری هەندێ گیا و درەخت دادەگرێ و نەخۆشیان دەکا.

**دەردەس کردن**

گرتنی مرۆڤی تاوانبار یا تاوانبارکراو، دەزگیر کردن، بەردەست کردن.

**دەروەست**

دەربەست، دەستەبەر، مولتەزیم، موتەعەهید.

**دەرۆستی کەسێ یا شتێ هاتن**

کە ئەوترێ «کەسێ درۆستی کەسێ یا جانەوەرێ دێ»، یانی لە شەڕ یا ملانە لەگەڵ ئەو کەسە یا ئەو جانەوەرەدا، توانستی زۆرترە. کە ئەوترێ «کەسێ دەرۆستی کارێ دێ» یانی توانستی ئەنجام دانی ئەو کارەی هەیە. § ئەم زاراوەیە بۆ ئەوە دەست دەدا کە فیعلەکەی هەم بە شێوەی سەلبی بەکار بهێنرێ هەم بە شێوەی ئیجابی: «ڕۆستەم جاری هەوەڵ لە زۆرەوانیدا دەرۆستی زۆرابی کوڕی نەهات.» «کەم کەس لە شەترەنجدا درۆستی سالار دێ.» هاوتاکانی تری ئەم زاراوەیە ئەمانەن: «دەرەقەتی کەسێ یا شتێ هاتن»، «بە کەسێ یا شتێ وەستان»، «باشاری کەسێ یا شتێ کردن»، «لەگەڵ کەسێ یا شتێ دەربردن»، «قەوە بە کەسێ یا شتێ شکان».

**دەرۆستی نایەن**

«پێی ناوێرن» (هێمن).

**دەست**

(بە مەجاز) دەسەڵات، توانایی، قودرەت. § کەوابوو «خودایە بەس بدە دەستی

ئەمیری، یانی «خودایە بەسیە چی تر دەسەڵات مەدە بە ئەمیر» بێخود-ی شاعیر وشەی «دەست»ی لەم مانا مەجازی‌یەدا ئاوا بە کارهێناوە: «بە ئەمری رووی زەمین تیر نابێ قەت چاوت، وەکوو فیرعەون || خوا دەستت نەدا، دەستت ببێ، روو بۆ سەماواتی»

**دەست رۆیشتن**

کە ئەوتری «کەسێ دەستی دەروا» مەبەست ئەوەیە کە ئەوکەسە بۆ کاری کە دەیەوێ بیکا دەسەڵاتی هەیە یا پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتداران هەیە.

**دەست لە بەژن / باڵای کەسێ‌وەرێنان**

گرتنە باوەشی کەسێ بەجۆرێ کە دوو دەستی لەباوەشکەرەکە لەسەر پشت یا کەمەری لەباوەشکراوەکە بگەنەوە بە یەکتر. § فیعلی عیبارەتەکە «تێ‌وەرێنان» یا «تێ‌وەرهێنان»ە.

**دەستندە**

ئەندازەیەکی موشەخەس لە بژیو (خواردەمەنی و شتی پێویست بۆ ژیان) کە بە ژەم، بە رۆژ، بە حەفتە یا بە مانگ بدرێ بە کەسێ؛ جیرە. § «دەستندە» زۆر جار حاڵەتی خێرێکی هەیە کە خێرۆمەندێک، بە چەند وەختان جارێک، بە هەژار یا ناگزوورێکی دەکا.

**دەستەشکاو**

دەستشکاو، (بە مەجاز) کزۆڵەوار، پەک-کەوتوو.

**دەستەگوڵ**

دەسکەگوڵ، چەپکەگوڵ. § لە سۆرانی و موکریانی‌دا بۆ گوڵ و گیا «دەسک» و «چەپک» دەگوترێ نەک «دەستە»: «دەسکێک گوڵ، دەسکێک نێرگز، مەرگوو نەبینم هەرگیز» یا «چەپکێک گوڵ چەپکێک نێرگز، مەرگتان نەبینم هەرگیز»

**دەستەونەزەر وێستان**

بە ئەدەبەوە راوەستان لە حوزوور یا بەرامبەری کەسێکا بە مەبەستی ئەنجام دانی هەر فەرمانێکی کە ئەوکەسە بیدا.

**دەسکر**

١. دەسکرد، دەسکار، بە دەست دروست‌کراو. ٢. دروست‌کراو، سازکراو، خوڵقاو، ئافەریدە. § هێمن کە دەڵێ «بە گشت دەسکری خودای شەر» مەبەستی هەموو «ئافەریدە»کانی خودای شەرە و مەرجیش نیە ئەم خوایە ئافەریدەکانی خۆی بە دەست دروست کردبێ.

**دەسکێش**

سفەت یا ناوە بۆ کەسێ کە دەکەوێتە پێش مرۆڤی کوێر و دەیبا بۆ جێگایان، چاوساغ.

**دەمشڕ**

بەدزمان، زمانپیس، جنێوفرۆش، زمانشڕ. § ئەم وشەیە لە فەرهەنگەکانا بە «دەمدڕاو» مانا کراوەتەوە، بەڵام ئەوی راست بێ لە مەهاباد و دەوروبەر تەنیا بەو مانایە بە کار دێ

کە پێشتر نووسرا. خەڵکی ئەم مەڵبەندە بە کەسێ کە ڕازداری و سورپۆشی ناکا یا بە وتەی خۆیان قسەی تێدا ڕاناوەستێ، دەڵێن «زاربەهاوار» یا «قسەگێڕەوە».

**دەم نانە نێو دەم**

ماچ کردنی یەکبین و درێژخایەنی لێوی کەسێ، دەم لە ناو دەمی کەسێ نان، دەم بە دەمی کەسێکەوە نان § ئەم زاراوەیە هەروەک نووسرا بە مانای «ماچ کردنی دەم و لێوی یار»ە و لە زمانی کوردیدا پێشینەی هەیە، بۆ نموونە «گۆرانی» دەڵێ: «سوێبەی باڵابەرز || هەستە بەیانە || دەم لە ناوی دەم»؛ بەڵام نابێ ئەم زاراوەیەمان لەگەڵ زاراوەی «دەم نانە دەمی کەسێ» یا «دەم دە / لە دەمی کەسێ نان» لێ تێکبچێ. ئەم زاراوەیەی دوایی بە مانای «شەڕەچەقە کردن لەگەڵ کەسێ» یا «جوابەجەنگی کردنی کەسێ» دەگوترێ. مەحوی بۆ ئەم مانایە دەڵێ «دەم لە دەم نانی ڕەقیبانی چ بێمروەتییە || تێکەڵی ئاوی دەباخانە دەکا ئاوی حەیات.»

**دیبا**

قوماشێکی ئاوریشمی نەرم و ڕەنگینە.

**دیواندڕ**

سفەتە بۆ کەسێ لە مەجلیسدا قسەی بەجێ بکا و جەماعەت لێی قبووڵ بکەن، قسەزان. § پەندێکی پێشینان هەیە دەڵێ «کور دەبێ کور بێ، لە مەجلیسان دیواندڕ بێ.»

**دێد**

«خوشکی گەورە» (هێمن). § ئەم وشەیە هەم بەتەنیا دەگوترێ هەم بەیارمەتی ئامرازی «ـە / ە» دەخرێتە سەر ناوی ژنانە و مانای خوشکی گەورەی لێ زیاد دەکا: «دێدت»، «دێدی خۆشەویستم»، «دێدەمرۆت»، «دێدەخەزاڵ».

**دێرنشینی**

لە ناو دەیر یا سەومیعەدا نیشتەجێ بوون و خۆ لە کۆمەڵ و ژنومێردایەتی بواردن و ژیانی خۆ بە دوعا و موراقەبە و قەناعەت ڕابواردن. § هێمن کە دەڵێ «بەهەشت ناهێنێ تاوێ دێرنشینی» مەبەستی ئەوەیە کە بە سەڵتی و گۆشەنشینی ژیان، بە ئومێدی ئەوە کە خوا لەو دنیا بتباتە بەهەشت، مامەڵەیەکی عاقڵانە نیە چونکە خۆ بواردن لە لەزەتی ئەوین و پەیوەندی ژنومێردایەتی، بێبەشییەکی ئەوەندە گەورەیە کە خۆشییەکانی بەهەشت قەرەبووی ناکاتەوە.

**دێڵەڕێوی**

(بە مەجاز) خوێڕی، ترسەنۆک، بێدەسەڵات.

**دێوەزمە**

بە باوەڕی عامیانە، مەوجوودێکە جەستەی لە مرۆڤ گەورەترە و

دیمەنێکی دزێو و بەسامی هەیە و ئەگەر تووشی مرۆڤ بێ بەڵای بەسەر دێنێ.

## ر

### ڕادان

(بە مەجاز) کاتێ ئەوتری «کەسێ لە کار یا مەسەلەیەکا کە پەیوەندی بە کەسانی ترەوە هەیە، هەر ڕایدەدا» مەبەست ئەوەیە کە بەکەیفی خۆی و تەنیا بۆ قازانجی خۆی کار یا ڕەفتار دەکا و هیچ نیگەرانی لێپرسینەوە نیە.

### ڕاسپاردن

ناردنی پەیام بۆ کەسێ بەهۆی کەسێکی ترەوە کە پێیدەڵێن ڕاسپاردە. § دەکرێ ناوی ڕاسپاردەکە بگوترێ یا بە زەمیرێکی لکاو ئیشارەی بۆ بکرێ یا هەر ئیشارەی بۆ نەکرێ: «ژنێکی ڕاسپاردە کن هونەرمەند ‖ ئیتر ئەم بێبەشی و سووتانە تا چەند؟»، «مامۆستا ڕایسپاردم بە فلانکەس بڵێم بۆچی شازادە و گەدای ڕاگرتووە و چاپی ناکا؟»، «کاکە گیان، ڕاسپێرە تا زووە پووڵەکەت بدەنەوە!»

### ڕامووسان

١. ماچ، ڕامووس. ٢. ماچکردن. § ئەم وشەیە هەم وەک ناو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ هەم وەک مەسدەر سەرف دەکرێ؛ دەسا «ڕامووسانێک» یانی «ماچێک» و «ڕایمووسی» یانی «ماچی کرد».

### ڕاو و ڕووت

بە زەبری چەک یا دەسەڵات ماڵ و دراو لەم و لەو ئەستاندن، تاڵانوبڕۆ.

### ڕاوێچکە

«غارغارێنی توڵە و تانجی. بە مەجاز بۆ هاتوچووی پیاوخراپانیش بەکار دێ» (محەمەدی مەلاکەریم).

### ڕق و قین لە نێوچاوان بارین

کاتێ ئەوترێ «کەسێ ڕق و قین لە نێوچاوانی دەبارێ»، مانای ئەوەیە کە ئەوکەسە ڕووگرژە و ڕواڵەتی پیشاندەری ئەوپەڕی تووڕەیی و کینەیەتی.

### ڕکێفکوت

(بە مەجاز) بە چوارناڵە، ئاوزەنگیکوت. § «ڕکێفکوت» و «ئاوزەنگیکوت» قەیدی حاڵەتن و شێوەیەکی لێخوڕینی ئەسپ پیشاندەدەن کە سوار پەیتاپەیتا بە هەردووک پای ناو ئاوزەنگی (ڕکێف) لە بەرزگی ئەسپەکە دەدا تا خێراتر بڕوا.

### ڕمووزنە

«شتێکی ئەفسانەیی بەسام و ترسناکە» (هێمن). مەوجوودێکی بەسام و

بەدفەڕی خەیاڵی‌یە کە بە باوەڕی عامیانە لە تاریکایی‌دا پەلاماری مرۆڤ دەدا. ڕمووزن.

### ڕنین / ڕنینەوە

(بۆ بەری گیا و درەخت) لێکردنەوە، چنین. § «ڕنین» و «ڕنینەوە» بە لێکردنەوەیەک دەڵێن کە مانای «توندی» و «زبری»شی تێدا بەستەیە.

### ڕوو

١. زەمینی ڕەق کە هەڵکەندنی دژوارە، خار. ٢. بەفرێکی کە پەستوابێ و بەستبێتی – وابێ کە بەسەری‌دا ڕۆیشتی، قاچت ڕۆنەچێ.

### ڕووبەند

پارچە قوماشێکی ئەغڵەب ڕەشە کە ڕووی ژنی موسڵمان لە نامەحرەم دادەپۆشێ. § ئەم قوماشە وا هەیە تۆزێ شاش بێ و تەواوی روخسار داپۆشێ و ژنەکە لە ژێری‌یەوە ئەودیو ببینێ، وایش هەیە سفت بێ و روخساری ژن لە ژێر چاوەکانی‌یەوە بەرەو خوار بگرێ. پەچە، ڕووپۆش.

### ڕووپۆش

ڕووبەند، پەچە.

### ڕەبەن

(سفەتە بۆ پیاو) بێ‌ژن، سەڵت، موجەڕەد.

### ڕەت بردن

هەڵەنگووتن، ساتمە کردن، سەرەنگری بوون.

### ڕەش‌بگیر

دەردەست کردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەفرادی کۆمەڵێک بە فەرمانی دەسەڵاتداری بۆ بردنە شەڕ، بردنە بێگار یا وەک کردەوەیەک بۆ سەرکوت کردنی نارەزامەندیی گشتی. § لە ڕەش‌بگیردا پێودانی گرتن ئەگەر هەشبێ، زۆر دەقیق نیە و مەئموورەکان زۆرتر خۆیان بڕیار دەدەن کێ بگرن و کێ نەگرن.

### ڕەقسین

سەما کردن، ڕەقس کێشان.

### ڕەند

مەرد، مەردازا، جوامێر، مێرخاس. § ئەم وشەیە لە موکریان تەنیا بۆ جنسی پیاو دەگوترێ و هەمیشە بە دوای وشەی «مەرد»دا دێ؛ بۆ نموونە دەڵێن «فلانکەس زۆر مەرد و ڕەندە.» لە کرمانجی‌دا «ڕند» هەیە بە مانای «بەدەو» و «دەلال» کە زیاتر بۆ وەسفی ژن دەکار دەکرێ. هێمن کە بە «حاجی قادر» دەڵێ «ڕەند» دیارە دەبێ مەبەستی «ئازایەتی و مەردایەتی»ی ئەم شاعیرە بێ. جگە لەوە، ڕێی تێدەچێ سیلەچاوێکی لە مانای «رند»ی فارسیش بووبێ کە بەتایبەتی لە شیعری عیرفانی‌دا، بە مرۆڤێکی هەڵکەوتەی زانا و ئازا دەڵێن کە بە ئاکار و وتاری زیرەکانەی خۆی، ڕەخنە لە ناڕاستی و ستەمگەری و ڕیاکاری دەگرێ.

### ڕێ / ڕێگە / ڕێگا بڕین

ڕێگە پێوان، ڕێ کردن، ڕێگە تەی کردن. § هەرچەند «ڕێگا بڕین» بەگشتی یانی «بە ڕێگادا ڕۆیشتن»، بەڵام کاتێ لە «ڕێگا بڕین»ی مرۆڤ، جانەوەر، ئامرازێکی گواستنەوە یا هەرشتێکی تر دەدوێین ئەغڵەب باسی چلۆنایەتیی ڕۆیشتنەکەش (وەک خێرایی، ماوە، مەودا یا دژواری) لە ئارادایە: «ڕێگە دەبڕم، کوانێ هەنگاوم شلە؟»

## ز

### زادە

لەدایکبوو، بەوەلەدبوو. § ئەم وشەیە کە سفەتی مەفعوولە، لە زمانی کوردیدا زیاتر لە تەرکیبدا دەبینرێ: «پەریزادە»، «شازادە»، «مەلازادە»، «حەڵاڵزادە»، «حەرامزادە». هاوتایەکی تری ئەم وشەیە کە ڕەنگبێ هەر «زادە» بووبێ و بە تێپەڕینی زەمان سوابێ، «زا»یە کە لە عیبارەتی «زا و ماک»دا وەک وشەیەکی سەربەخۆ بە کار هاتووە و لە وشەی وەک «خوارزا»، «خوشکەزا»، «ئامۆزا»، «خاڵۆزا» و «برازا»دا کاری پاشگر دەکا. «زا» لە سێ عیبارەتی «زا و زێ»، «زگ و زا» و «زا و مەرگ»یشدا دەبینرێ کە لە نموونەی یەکەما سیغەی ڕابردووی یەکەم کەسی تاکە و لە دوو نموونەکەی ترا ڕەگی فیعلی «زان»ە و لەباری ئەرکی وشەوە، کاری ناو دەکا.

### زرتەسوور

پیاوی زلی ناقۆڵا، زرتەبۆز، زەبەلاح، لۆزەندەر، چەتەوڵ. § «زرتەسوور» لە فەرهەنگە ناسراوەکانا نەهاتووە بەڵام لە ڕواڵەتی وشەکە وا دەردەکەوێ کە دەلالەت لەسەر «پیاوی زەبەلاحی سوورکارە» دەکا. کاک سەلاح پایانیانی دەڵێ لەوانەیە وشەی «زرتەسوور» بچێتەوە سەر پەیوەندی ڕەنگی «سوور» لەگەڵ دیاردەی «قەڵەوی» چونکە لە کوردەواریدا، وا هەیە بە کەسێ کە زۆر قەڵەو بووبێ بڵێن «لە گۆشتدا سوور بووە.»

### زریان

بایەکی ساردە بە پایز و زستان لە باکوورەوە بەرەو جنووب بە کوردستاندا دێ § لە هەندێ ناوچەی کوردستان بەم بایە دەڵێن «زەلان».

### زمانی فورس

زمانی فارسان، زمانی فارسی.

### زوورهان

زۆر پیر و بێهێز.

### زەدە

(بە مەجاز) ئەزیەتکراو، ئازاردراو، ئاسیبپێگەیشتوو. § خەڵکی ئاسایی، ئەم وشەیە بەو مانایە کە وترا بە کار ناهێنن. «زەدە» لە کوردەواریدا، بریتییە لە عەیبی بچووکی کاڵا (مەتاع)

بە شێوەی ڕنراوی، براوی، شکاوی، دڕاوی، قوپاوی یا دیاردەی تری لەم بابەتە کە تا ڕادەیەک لە جوانی، کارایی یا بایەخی کاڵاکە کەم بکاتەوە.

**زەرد و ماه**

سەخرەگەلی گەورە و بڵیند، ڕاز و ڕەوەز. § عیبارەتی «زەرد و ماه» سابیتە و وشەکانی بە جیا بۆ ئەم مانایە دەکار ناکرێ بەڵام «ڕاز» و «ڕەوەز» دوو وشەی سەربەخۆن: «بەڵام با تێبگا ئەو دژمنەی پەست ‖ ڕەوەز ورد ناکرێ هەرگیز بە داردەست» «دیسان لە چیا و لە ڕازان ‖ دێ سیرەی سەقر و بازان»

**زەمەند**

«شوێنێ [لە زەوی] کە گیاوگۆڵی سەری پێکەوە نابێ و ملی دابێتە یەک» (هێمن).

**زەنگوڵ بە زەنگوڵ**

زەنگوڵزەنگوڵ، دڵۆپدڵۆپ، تنۆکتنۆک، قەترەقەترە. § «زەنگوڵ» بە مانای «دڵۆپ»، لە دەرەوەی عیبارەتی «زەنگوڵزەنگوڵ» دەکار ناکرێ؛ مەسەلەن ناڵێن «زەنگوڵێک شەونم» یا «زەنگوڵە فرمێسکێک». تەنانەت «زەنگوڵ بە زەنگوڵ»یش باو نیە و خەڵک زۆرتر «زەنگوڵزەنگوڵ» دەڵێن.

**زەنوێر**

«سازگار» (هێمن). § بە ناوچەیەک ئەوترێ کە بەهۆی ئاوی کافی و خاکی باش، شیناوەردی زۆر بێ و هەوای خۆش بێ. ئەم وشەیە سفەتە بەڵام دەکرێ جێی ناویش بگرێتەوە.

**زی**

دەوەنێکی درووداره کە شکڵ و هەڵکەوتنی گەڵاکانی لە هی ئەقاقیا دەچێ و بۆ پەرژین لە دەوری بێستان و باخ دەیچەقێنن. درکەزی.

**زێ**

ڕووبار، چەم.

**زیان و زەڕ**

زەرەر و زیان. § وشەی «زەڕ» بە مانای «زەرەر» و «ناسیب» هەم بەتەنیا دە کار دەکرێ هەم بە تەرکیب: ئەو کابرایە تا ئەمڕۆ زەڕی بۆ کەس نەبووە.» «پیاوی ئاوا بێزەڕم نەدیوە.»

**زیانیخۆرۆ**

سفەتە بۆ گیانداری کەوی کە بە خواردنی شتێ کە نابێ بیخوا، زەرەر لە خاوەنەکەی دەدا؛ بۆ نموونە سەگی زیانیخۆرۆ، مریشک و جووجەڵە دەخوا، یا ماڵاتی زیانیخۆرۆ دەچێتە ناو بێستان و مەزرای خەڵکەوە. § هێمن کە دەڵێ، «لەناو شۆفارەکاندا خواجەیەک بوو ‖ عەجەب زیانیخۆرۆ و پیرەسەیەک بوو»، خواجەی «بەدفەڕ» و «بەزەڕ»ی بە سەگێکی پیری زیانیخۆرۆ شوبهاندووە کە مریشک و جووجەڵەی مەردم دەخوا.

## زیپک

ورەپەستەوی و بڕیارقـایمی لە بەڕێوەبردنا. § «زیپک» زیاتر لە قالبی سفەتی «بەزیپک»دا بەکار دەهێنرێ.

## زێد

«شـوێنی لەدایـک بـوون، نیشـتمان» (هێمن). § «زێد» جێگەی بەوەلەد بوونی مرۆڤە کە ئەغلەب گوندێک یا شارێکە، بەڵام ئەگەر باسـی ولاتـی لەدایـک بوونمـان بکەیـن، ئەو وەختـە چوارچێوەی ماناکەی هەراوتر دەبێ و «نیشتمان» و «وەتەن»یش دەگرێتەوە.

## زیر

زیـز، تـۆراو، دڵمەنـد. § ئەم وشـەیە بە شـکڵی «زویـر»، «زوێـر» و «زوور»یـش هەیە بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا «زویر» لە شکڵەکانی دیکە باوترە.

## زیڕەی کەسێ گەیشتنە ئاسمان

کە ئەوتـرێ «کەسـێ زیـڕەی گەیشـتە ئاسمان» یـا «زیـڕەی کەسـێ گەیشـتە ئاسـمان» یـانی ئەو کەسـە بە هەمـوو هێزی خۆی (بە بەرزترین پلەی دەنگی خۆی) زیراندوویەتی کە ئەمەیش یانی ئەو کەسە زۆری ئێش پێگەیشتووە، جا ئێشـی لەش بـێ یـا ڕەوان. § ئەم زاراوەیە لەگەڵ هەردووک فیعلـی تـێنەپەڕ وتـێپەڕدا بە کـار دەهێنـرێ: «منـاڵەکە هەرکە چـاوی بە دوکتـۆر کەوت، زیـڕەی گەیشـتە ئاسـمان.» هەروەهـا «ئەم کـوڕە هەمووجـارێ زیـڕەی بـرا بچـووکەکەی دەگەیەنێـتە ئاسمان!»

## زێڕخرید

سفەتە بۆ غولام، بەندە، کۆیلە یا کەنیز کە خاوەنەکەی کڕیبێتی.

## زێڕوەشان کردن

پارە بە سەر (کەسێ)دا هەڵاویشتن. (بە مەجاز) جایزە پێدان، خەڵات کردن.

## ژ

## ژوور

ژوورەوە، نـاوەوە، ژووری. § «ژوور» بە مانای «سەرەوە» و «لای سەرەوە»ش بەکار دەهێنرێ.

## س

## ساردبۆوە

ساردەوەبوو، ساردەوبووک.

## ساقیا

ئەی سـاقی، ئەی مەیگێـڕ. § ئـامرازی بانگکردنـی / ا / لە شیعر و پەخشـانی فارسـیدا بۆ ئەوە دەست دەدا بخرێتە دوای هەمـوو نـاو یـا هەر سـفەتێ کە جێـی نـاوی گـرتبێتەوە (بـۆ نمـوونە: سـعدیا، پـدرا، یـارا، جانـا، نازنینـا، اندوەگسارا)، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا تەنیا لە شیعرا بە کار دەهێنرێ و زیاتر بـۆ نازنـاوی شـاعیر و چەنـد نـاوێکی

دیاریکراو کەلکی لێ وەردەگیرێ. لە شیعری کوردیدا گوتراوە «مەحویا»، «جانا»، «ساقیا» بەڵام تا ئێستا هیچ شاعیرێکی ناسراو بۆ بانگکردن یا ڕووی قسە تێکردن نەیگوتووە «مەیگێڕا»، «خۆشەویستا»، «دایکا».

**سنوور هەڵبواردن**

سنوور پەڕاندن، سنوور بەزاندن، لە سنوور پەڕینەوە.

**سواری کەسێ بوون**

(بە مەجاز) لەسەر کەسێ زاڵ بوون و ناچار کردنی بە کار و ئاکاری وا کە تەنیا بە قازانجی زاڵبووەکە بێ، هێنانە ژێر ڕکێفی خۆ. § زاڵبوونەکە دەکرێ بە زۆرداری بێ یا بە زیرەکی.

**سووتمان**

«ئاگر تێبەردان» (هێمن). § «سووتمان» ئاگر تێبەردان نیە، ئاگر بەربوونەوە و ئاگر کەوتنەوەیە ــ ئەو دیاردەیە کەوا بە فارسی پێی‌دەڵێن «آتش‌سوزی». ئەگەر بمانەوێ مانای ئاگر تێبەردان بدا، ئەشێ بێژین «سووتمان پەیدا کردن» یا ڕەنگبێ «سووتمان سازکردن».

**سوور بوونی کەسێ لەسەر شتێ**

کاتێ ئەوترێ «کەسێ لەسەر کارێ یا مەبەستێ سوورە»، مانای ئەوەیە کە ئەوکەسە تا کارەکە نەکا یا مەبەستەکە پێکنەهێنێ، دەست هەڵناگری و واز ناهێنێ.

**سوورەهەتاو**

سوورەتاو، خۆرەتاوی زۆر بەتین. § خەڵک زۆرتر «سوورەتاو» دەڵێن تا «سوورەهەتاو».

**سوێنە**

«دەفرێکە لە گڵ دروست کراوە و خاراوە و لەباتی تەشت بە کار دێ» (هێمن). تەشتی سواڵەت.

**سۆدرە**

مایەفیتنە، شەڕهەڵایسێن، ئاژاوەگێڕ. § «سەرەسۆدرە»ش دەگوترێ.

**سەخت**

١. دژوار، ئەستەم، موشکڵ. ٢. سفەت و ناوە بۆ بەرزایی پڕ لە ڕەوەز و هەڵدێر کە پێدارۆیشتن و هەڵبواردنی بۆ مرۆڤ دژوار بێ. ← ئەستەم.

**سەددەق!**

ڕاست دەفەرمووی! قسەی جەنابت ڕاستە! § ئەم وشەیە شکڵی سواوی «صَدَّقَ»ی عەرەبی‌یە بە مانای «ڕاستی گوت»، ئەو لە کوردیدا بووە بە شێوەڕستەیەک بۆ دەربڕینی تێکەڵاوی «تەحسین» و «تەسدیق» بەرامبەر بە کەسێکی «بەڕێز» کە دەربارەی مەسەلەیەک ڕای خۆی دەربڕیوە.

**سەر پێکەوە نان**

کاتێ ئەوترێ «دوو یا چەندکەس سەریان پێکەوە ناوە» یانی ئەو دوو یا چەندکەسە لەگەڵ یەکتر سازاون و

بەهاوبەشی دەژین، بە وتەیەکی تر ئەو دوو یا چەندکەسە قەناعەتیان بەو شتەی هەیانە کردووە و بەتەبایی پێکەوە زیندەگی دەکەن.

**سەربەکڵاوە**

سفەتە بۆ چەشنێ کۆتر کە پەڕی پشتەسەری هەڵگەڕابێتەوە. کۆتری «پاپاخدار» و «کاکۆڵمێخی»یشی پێ دەڵێن.

**سەربەهەش**

سەرشین، تازیەبار، کۆستکەوتوو، ئازیزمردوو. § ئەم سفەتە کە جێی ناویش دەگرێتەوە، تەنیا بۆ جنسی ژن دەگوترێ. ریشەی ئەم عیبارەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەمانەی کە ژنی ئازیزمردە بۆ پیشاندانی ئەوپەڕی تازیەباریی خۆی، سەری خۆی دەنایە ناو کووپەی هەش (خم) و شینی دەکرد.

**سەرپەڕ**

لای سەرەوە، لای ژووروو.

**سەرسەری**

سفەت یا ناوە بۆ مرۆڤی بێکارە و بەرەڵڵا.

**سەرگەشتە**

ئاوارە، سەرگەردان، سەرلێشێواو.

**سەروپۆتراک**

سەروچاو، سەروپڕ، سەروپڕتەلاک.

**سەروی ئازاد**

درەختی سەروی ڕاست و بێ‌گرێ. § سفەتی «ئازاد» کە دراوەتە پاڵ سەرو و بووە بە بەشێک لە ناوەکەی، لەو ڕوانگە «شاعیرانە»یەوە هاتووە کە ئەم درەختە بەری نیە و هیچ بارێکی لەسەر شان نیە.

**سەڵیتە**

(سفەتە بۆ ژن) بێ‌شەرم، بێ‌حەیا، ڕووهەڵماو، چەنەوەر و بەدزمان.

**سەهەندە**

سفەت یا ناوە بۆ مرۆڤی زیرەک و بەدفەڕ. § ئەم وشەیە باری سەلبیی هەیە و بە سووکایەتی و تەنانەت جوێن دادەنرێ. جاری وایە لەگەڵ وشەی «سەگ» دێ، بۆ نموونە دەڵێن «فڵانکەس زۆر سەگ و سەهەندەیە.» «سەهندە» و «سەهەنە»ش ئەوترێ.

**سیلەچاو**

(بۆ تەماشا کردن) گۆشەی چاو. § «سیلە» بە «سووچ» و «گۆشە» دەگوترێ، بەڵام ئەم مانایە بۆ ئەم میسراعەی مامۆستا کە دەڵێ «لە ڕێگایەی بڕیبوو سیلەچاوی» دەست نادا چونکە باسی کەسێ لە گۆڕێدایە کە بە تاسەوە چاوی بڕیوەتە چەقی ڕێگا هەتا خۆشەویستەکەی بەدی بکا. ڕێی تێدەچێ لێرەدا «سیلە» بە مانای «سێرە»

بە کار هاتبێ کە ئەم کاربردە لە مەڵبەندی مەهابادا نائاسایی نیە.

## شـ

### شان داخزان

کە ئەوتری «کەسێ شانی داخزاوە» یانی ئەوکەسە شانی بەهێزی هەڵگرتنی باری گران قەوەی ڕێکەوتووە یا لەجێ چووە و داکەوتووە.

### شتێ لە نێوچاوانی کەسێ بارین

کاتێ ئەوتری «خەم، شادی، ڕق، پەشیمانی یا مەفهوومێکی لەم بابەتە لە نێوچاوانی کەسێ دەبارێ» یانی نیشانەگەلی زۆرترین رادەی خەم، شادی، ڕق، پەشیمانی یا مەفهوومێکی تری لەم بابەتە، لە ڕواڵەت و حاڵەتی ئەوکەسەدا دیار بوو.

### شلوێ

«گۆڕان. کانی شلوێ بوو: کانی قوڕاو بوو. پیاوەکە شلوێ بوو: ڕەنگی گۆڕا، تێکچوو (هەژار). هەنبانەبۆرینە). § ئەمە ڕوونکردنەوەیەک بوو کە مامۆستا لە دەسنووسی *ناڵەی جودایی*دا دەربارەی وشەی «شلوێ» نووسیبووی و ئێمەش تەنیا نوقتەبەندی‌یەکەیمان دەسکاری کرد. «شلوێ» کە زیاتر بۆ ئاو دەگوترێ، بە گشتی یانی لێڵ و لیخن؛ دیارە مانای «قوڕاو»یش دەدا بەڵام ئاو یا تراوی شلوێ، حوکم نیە قوڕاو بێ. ئەم وشەیە لەگەڵ فیعلی «بوون» و «کردن»دا بە کار دەهێنرێ: «کانی‌یەکە شلوێ مەکە!» «ئەرێ ئاوی ئەم چۆمە بۆ وا شلوێ بووە؟» «ئاوی ئەم حەوزە زۆر شلوێ‌یە، وا چاکە بیگۆڕین.» بەڵام «شلوێ» مانای مەجازیشی هەیە کە لە زاراوەی «شلوێ بوون» و «شلوێ کردن» و «خۆ شلوێ کردن»دا دەبینرێ و بۆ حاڵی ترس، نیگەرانی یا ناڕەحەتی‌یەک دەگوترێ کە نیشانەکانی لە ڕوخسار و ڕەفتاری مرۆڤا ببینرێ: «وەختێ ئەو هەواڵە ناخۆشەیان بە کاک شەنگە دا، شلوێ نەبوو.» «وەزعەکە خراپ بوو بەڵام ئەو خۆی شلوێ نەکرد.»

### شوورە

دیواری ئەستوور و بەرز لە دەوری قەڵا، کۆشک، دێ یا شار بۆ پاراستنی ئەم شوێنانە لە پەلاماری دوژمن؛ وارش.

### شووشێ

شووشە. ← مەیخانێ.

### شۆڕ

(بۆ مرۆڤ) باڵابەرز و خۆش‌ئەندام. § «شۆڕ» بۆ مانای باڵابەرز و خۆش‌ئەندام هەمیشە لەگەڵ ئەو «ناو»ەدا کە وەسفی دەکا یەک دەگرن و ناوێکی تێکەڵاو دروست دەکەن: شۆڕەژن، شۆڕەلاو، شۆڕەسوار، شۆڕمەحموود، لاسەشۆڕ. ئەم وشەیە لە بنەڕەتا بە مانای «داهێلراو»ە بەڵام لە وەسفی هەندێ شتی تایبەتی‌دا مانای«درێژ»یش دەدا؛

هەژار دەڵێ: «بەژن شۆڕ و کەزی شۆڕ و خەزێم شۆڕ || سەرەوشۆڕم دەکەن سەرشۆڕ بەرەو گۆڕ.» ئەم وشەیە بۆ وەسفی سێبەریش دەکار دەکرێ و مانای «درێژ» دەدا؛ بۆ وێنە دەڵێن «ئێوارەیەکی درەنگ بوو؛ سێبەر شۆڕ ببوون و خەریک بوو سێرە هەڵگیرێ.»

**شوێنگێڕ**

١. سفەتە بۆ سەگی عاملاو کە بە بۆن کردن مرۆڤ یا گیانداری «ڕاکردوو» یا «خۆشارەوە» بۆ خاوەنەکەی دەدۆزێتەوە.

٢. سفەتە بۆ کەسێکی پسپۆڕ کە بە ورد بوونەوە لە جێپێ و نیشانەی جێماو، مرۆڤی «ڕاکردوو» بۆ کەسێ یا کەسانێ دەدۆزێتەوە و بۆ ئەم کارە پاداش وەردەگرێ.

**شەڵاڵ**

(لە خوێن یا ئارەقدا) نوقم، غەرق. § ئەم وشەیە زیاتر دەربارەی لەش – بەتایبەتی لەشی مرۆڤ – و بۆ پێشاندانی شیددتی خوێناوی بوون یا ئارەقاوی بوون دەگوترێ؛ کەوابوو «وام بەتەنیایی لەنێو خوێنا شەڵاڵ» یانی «سەرتاپام خوێناوییە و کەس بەلامەوە نیە یارمەتیم بدا.» نموونەکانی تری هەڵکەوتنی ئەم وشەیە لە عیبارەتا ئەمانەن: «شەڵاڵی خوێن»، «لە خوێندا شەڵاڵ»، «شەڵاڵی ئارەق»، «لە ئارەقدا شەڵاڵ».

**شەوڕن**

ڕنینەوە یا لێکردنەوەی بەری بێستان و باخ بە شەو بەدزی خاوەنەکەی.

## ع

**عومری خدر**

عومری بێکۆتایی، تەمەنی بێبڕانەوە، نەمری، هەرمان.

## غ

**غەزرین**

مانگرتن، بەتایبەتی مانگرتنی بەراز (هێمن).

**غەور**

توێژێ لە شتی چەپەڵ یا نەخوازراو کە ڕووی جێگەیەک یا ئامرازێکی داپۆشیبێ و بەهاسانی پاک نەکرێتەوە. خەوش، کەڕوو (بە مانای توێژی سەر سەتحی لووسی وەک ئاوێنە و شووشە و ستیل و کاشی)، بەڵخ / بەڵغ، جرم (بە مانای ئەملاحی ئاو کە دەنیشێ و بە دیوی ناوەوەی دەفری وەک کەتری و سەماوەرەوە دەنووسێ).

**غەیبزان**

کەراماتدار، خاوەنی عیلمی غەیب.

**فـ**

**فێنکی بەیانی**

بەری بەیان، هەوەڵی بەیان (کە هێشتا خۆر لە ئاسۆ سەر نەکەوتووە و هەوا فێنکە).

**فەریاد**

هاوار، هەرا.

**فەند**

١. فێڵ، حیلە، گزی، دەهۆ. ٢. (بۆ چارەی دژواری) ڕێگەی زیرەکانە، شێوەی پسپۆڕانە. § «فەند» وشەیەکی ڕەسەنی کوردی‌یە و هیچ پەیوەندی بە «فن»ی عەرەبی‌یەوە نیە. ئەم وشەیە بەم دوو مانایە و بە مانای «زیرەکی» و «لێزانی» و «پسپۆڕی»، لە فەرهەنگە موعتەبەرەکانی زمانی فارسی‌شا هاتووە و بە وشەیەکی ڕەسەنی فارسی زانراوە.

**فێئۆداڵی**

«دەربەگایەتی» (هێمن). سفەتە بۆ هەرشتێ کە پەیوەندی بە سیستمی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئاغاورەعیەتی (فیۆداڵیزم)ەوە هەبێ.

**قـ**

**قسەپان**

سفەتە بۆ کەسێ قسەی وا بکا کە شەخسیەتی لەوەی موخاتەبەکانی دەیناسن، گەورەتر یا گرینگتر بنوێنێ. قسەزل.

**قسەتوند**

سفەتە بۆ کەسێ کە بێ‌ڕووبینی و «حوسنی تەعبیر» ڕای خۆی دەردەبڕێ و ڕەخنە دەگرێ.

**قسەی خۆشی کەسێ جوێن بوون**

کاتێ ئەوترێ «کەسێ قسەی خۆشی لەگەڵ خەڵکی جوێنە» مەبەست ئەوەیە کە ئەوکەسە هیچ قسەیەکی خۆش لەگەڵ خەڵک ناکا و هەمیشە جوێن ئەدا پێیان، بە وتەیەکی تر ئەو کەسە مرۆڤێکی توورە و تۆسن و بەدزمانە.

**قەدەم**

«ئەو هەڵمەی لە بەفری بەر هەتاوی گەرم هەڵدەستێ» (هێمن). § لە فەرهەنگە ناسراوەکانا تەنیا *هەنبانەبۆرینە* ئەم وشەیەی گرتووە کە ئەویش مانا لێدانەوەکەی لە هی هێمن جیاوازە: «تینێ کە لە قرچەی گەرمادا دێتە بەرچاو، هاڵاوی تیشکی هەتاو»

ئەو دیـــاردەیەی *مەنبـــانەبزرینە* بەدروسـتی ئیشـارەی بـۆ کـردووە، لەرەی هەوای گەرمە کە بە حـــوکمی تیشکی هەتاو لە زەوی بەرز دەبێتەوە و بەهـۆی جیاوازیی ڕادەی شکانەوەی نـــوور لە نـــاو هەوای گەرم و هەوای سارددا، بە چاو دەبینرێ.

**قەڵاندۆش**

پشتئەستۆ و هەردووک شانی مرۆڤ بـــۆ ئەوەی کەســێ ســواری بــێ، بە چەشـــنێ کە نشـــیمەنی بکەوێـــتە پشتئەســـتۆ و دوو لاقـــی بەســـەر شـــانان‌دا، بە دیـوی پێشـــەوەدا، شـۆڕ ببنەوە. § لەم حاڵەدا بۆ ڕاگرتنی لەنگەر، لەقەڵاندۆش‌کراو یـا دەست بە سـەری لەقەڵانـــدۆش‌کەر دەگـــرێ یـــا لەقەڵانـــدۆش‌کەر هەردووک دەســـتی لەقەڵاندۆش‌کراو لەملاولاوە دەگرێ. چەنـد نمـوونەی بەکـار هێنـانی ئەم وشـــەیە لەتەک فیعـــل‌دا: «مامەنـــد منداڵەکەی لە قەڵانـدۆش کـرد.» «وەرە قەڵاندۆشی بـابی خـۆت!» «بۆ نـاچی‌یە قەڵاندۆشـی پـوورت؟» «دەبوو سـواری قەڵاندۆشی هەڵۆ با.» شکڵەکانی تری ئەم وشـەیە لە زمـانی کـوردی‌دا ئەمـانەن: «قەڵاندۆشـــکان» «قەڵەندووشـــان» «قەڵەندووشـــکان». ورد بـــوونەوە لە «قلمدوش»ی فارسی، هانمان دەدا بێژین «قەڵانـــدۆش» لە دوو کەرتـــی «قەڵەم» و «دۆش» پێـکهـاتووە و دوایـی تـۆزێ گۆڕاوە.

**قەڵەمباز**

بازێکی کە بەگوڕ باوێژرێ و مرۆڤ یا گیانـدارە بـازدەرەکە زۆرتـرین مەودای مومکین ببڕێ.

**قەڵەمتیژ**

(بە مەجـاز) سـفەتە بـۆ نووسـەرێ کە ناڵەبارییەکانی کۆمەڵگە ئاشکرا دەکا و ڕەخـنە لە کاربەدەسـتانی ناڕاسـت و خراپ دەگرێ.

**ک**

**کانوون**

مـانگی «کـانوونی یەکەم» یـا «کـانوونی دووهەم»ی ڕۆژمێری ڕۆمی. § ئەم ناوە کە ســـوریانی‌یە، هـــی ڕۆژمێـــری عوسمانی‌یە کە ئەویش حیسابەکەی لە ڕۆژمێـــــری گریگـــۆری (ڕۆمەن) خواســـتۆتەوە. کـانوونی یەکەم لەگەڵ دیسـێمبر (١٠ی سـەرماوەز تـا ١٠ بەفرانبـار) و کـانوونی دووهەم لەگەڵ جەنیـوەری (١١ی بەفرانبـار تـا ١١ی ڕێبەندان) بەرامبەر دەوێستن.

**کاولاش**

(بە مەجـاز) مـاڵی سـادە و هەژارانە. خـــانووی فەقیـــرانە. § لە بنەڕەتـــا «کەولەئاش» بووە بە مانـای «بینـایەکی ڕووخاو کە پێشتر ئاسیاو بووە.»

**کر**

١. شتی تەنراوی وەک قوماش و جاجم و قاڵی. ٢. تـایبەتی یـا خاسیەتی شتی

تەنراو کە بەهۆی شێوەی تێکهەڵکشانی تان و پۆیەکەی بەدی هاتووە. ئەم تایبەتی یا خاسیەتە ئەغڵەب بە وشەی وەک نەرمی، زبری، وردی، درشتی یا زەریفی وەسف دەکری: «کری ئەم پۆپەشمینە برێک درشتە!»

## کڕووز

سفەتە بۆ جیسمێکی کە رووکاری گرنجگرنج و کونکون بێ، جا یا هەر لە هەوەڵەوە وا بووە یا بەهۆی سوان، رنران، وشکهەڵاتن یا تەفاعولی شیمیایی وای لێهاتووە. داری کڕووز: درەختێ کە لک و گەڵای نیوەوشک هەڵاتبێ و بەژنی کەچەڵە و کونکون بووبێ. § «کڕووز» بە مەجاز بە مرۆڤی گروێ (ئاوڵاوی)ش دەگوترێ کە لەم حاڵەتەدا بە گاڵتە یا نیوەنرتکە دادەنرێ.

## کڵ

«خەرمان و کۆمەڵی ئاگر» (هێمن). § کڵ لە مانای گشتیدا بە ئاگردانێ ئەوترێ کە سووتەنییەکەی بۆ باشتر سووتان بە شێوەیەکی دیاریکراو چنرابێ، وەک کڵی تەندوور کە بە بەر گوڵبێنەوە دەچنرێ و «لاکڵ» و «پاشکڵ» و «سەرکڵ»ی هەیە. بەڵام لە مانای تایبەتیدا بە ئاگردانێ ئەوترێ کە دەفری گڵێنەی تێدا دەپێژن هەتا ببێ بە سواڵەت. زاراوەی «لە کڵ دەرهاتن» کە لە موکریانا باوە لەم چەشنە ئاگردانەی دوایی کەوتۆتەوە. «کڵ»ێکی تریش لە کوردیدا هەیە بە مانای ئەستوون یا پایەی پرد کە دوور نیە لەگەڵ ئەم «کڵ»ە بچنەوە سەر یەک، چونکە ئەویش وەک شتێ دەبێ هەڵچنرێ یا بچەقێنرێ.

## کوشتوبڕ

کوشتن و بریندار کردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵگەیەک، لە لایەن دەستەیەکەوە.

## کوشتوبگیر

کوشتن و دەردەست کردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵگەیەک، لە لایەن دەستەیەکەوە.

## کوڵ

«جل شوشتن» (هێمن). شیو و کوڵ، جلشۆردن. § ئەگەرچی مامۆستا ئەم وشەیەی بەتەنێ بە کار هێناوە بەڵام ئەوەی راست بێ «کوڵ» بە مانای جل شوتن، بەتەنیا ناگوترێ و هەمیشە لەگەڵ وشەی «شیو» و بەشێوەی «شیو و کوڵ» بەکار دەهێنرێ. عیبارەتی «شیو و کوڵ» لەباری رێزمانییەوە کاری ناو دەکا و زۆرتر بێ فیعل بەکار دەهێنرێ: «رۆژی ئەمڕۆ دایکم خەریکی شیووکوڵ بوو»؛ بەڵام «شیو» جیا لە «کوڵ»یش دەگوترێ و هەم بەتەنیا هەم لەگەڵ فیعلی «کردن» بە کار دێ: «باران

دەباریێ، ئەمرۆ لە شیو گەریێ، «دا وەرە ئەم شیوانەم لەگەڵ هەڵخە، «نازدنین دەبێ سبەینێ شیو بکا».

**کونبڕ**

(زۆرتر بۆ فەزای بەستەی وەک هۆدە) بێدرز، بێکون، بێکەلەبەر، بێبادەلێن، بێبابوێر.

**کوندەبوو**

کوند، بایەقووش، جوغد.

**کۆڕی شین**

ژمارەیەک مرۆڤی تازیەبار کە لە دەوری تەرم یا لەسەر گۆڕ یا لە شوێنی پرسە کۆبوونەتەوە و یەک (یا چەند) کەس بە مردووەکە هەڵدەڵێ (یا هەڵدەڵێن) و ئەوانی تر دەگرین. شینگا، مەجلیسی شینگێڕی.

**کەزی**

«پرچ، پرچی هۆنراوە» (هێمن).

**کەفی سەرشان**

سپیایی ئارەقی وشکەوەبوو کە بە سەر شان و بنهەنگڵی کراس و کەواوە دەبینرێ. § ئەمە لە واقیعا کەف نیە، ئەملاحی ئارەقی لەشە کە دوای بە هەڵم بوونی ئاوەکەی، لەسەر جلک بەجێ دەمێنێ. هێمن کە ئیشارە بە «کەفی سەرشانی جووتێر» دەکا، دەیەوێ ئەوپەڕی ماندوویی و بێبەشیی ئەم چینە گرینگەی کۆمەڵگا بخاتە بەر چاومان.

**کەڵ بە موو بەندە**

کاتێ لە وەسفی هەڵومەرجێکی کۆمەڵایەتیدا ئەوترێ «کەڵ بە موو بەندە»، مەبەست ئەوەیە کە دۆخی ئاسایی و ئارامی ئێستای کۆمەڵ، شتێکی رواڵەتییە و لە ژێرەوە، دژایەتی و ملانەی «هێز»ەکان یا «گرۆ»گەلی ناتەبا گەیوەتە سنووری تەقینەوە؛ هاکا کردەوەیەکی بچووک یا رووداوێکی سادە، ئەم بارەی بەتەواوی گۆڕی و ئاژاوە یا کوشتوبگیر دەستی پێکرد. § لەم زاراوەیەدا وەزعی ئارامی کۆمەڵ کە مەترسیی ئەوەی لێدەکرێ بەهاسانی بشێوێ، بە خەیاڵ شوبهێنراوەتە حاڵی کەڵێ کە بە داوەموویەک بەسرابێتەوە. ئاشکرایە کەڵەکە هەر بەئاستەم لە جێی خۆی ببزوێ مووەکە دەپسێنێ.

**کەندولەند**

(هی ڕێگا) قوولکە و بەرهەڵست، چاڵ و ئەسکوند.

**کەنەفت**

سفەتە بۆ کەسێ کە بەهۆی پیری یا نەخۆشی، لاواز و بێهێز یا بەدحاڵ و وەڕەز بووبێ.

**کەوتنە ئاویلکە**

ئاویلکە هاتن، ئاوزینگ دان، کەوتنە گیانکەنشت، کەوتنە گیانەڵا، گەیشتنە حاڵی گیان دان.

**کەوشەن**

«سنوور» (هێمن). سەرحەد، مەرز، تخووب. § *مەنبانەبۆرینە* ئەم وشەیەی بە «سنوور» مانا لێداوەتەوە و هێمن‌یش هەر بەم مانایە بەکاری هێناوە بەڵام *فەرهەنگی خاڵ* و *فەرهەنگی کوردستان* بە «زەوی و زاری سەر بە گوندێک»یان مانا کردۆتەوە. جێی سەرنج ئەوەیە کە ئەم وشەیە لە زمانی «تورکیی ئازەربایجانی»شدا هەیە و ماناکەشی هەر ئەوەیە کە خاڵ و گیو نووسیویانە.

**کەوشەن پەڕاندن**

← سنوور پەڕاندن.

**کەونەپیاو**

پیاوی بەتەمەن و دنیادیدە. پیرەمێردی بەئەزموون.

**کەونەلان**

«کنایە لە جێ‌ژوانە» (هێمن). § بە کار هێنانی «کەونەلان» بۆ مانای «جێ‌ژوان»، مەجازە نەک کنایە. دەربارەی «کەون / کۆن»یش جێی سەرنجە کە ئەم وشەیە جاری وایە (ئەڵبەتە نە هەمیشە) ماناکەی لە حاڵەتی تەرکیبا فەرقی هەیە لەگەڵ مانای حاڵەتی جیای؛ بۆ نموونە «کۆنەهەوار» و «کۆنەدۆست» و «کۆنەلان» مانایان ئەوە نیە کە ئێستاش کاری «هەوار» و «دۆست» و «لان» دەکەن، بەڵکوو مانایان ئەمەیە کە زەمانی پێشوو «هەوار» و «دۆست» و «لان» بوون و ئێستا ئەم کارەیان (هەر نەبێ بەشبەحاڵی قسەکەرەکە) نەماوە.

**کەوی**

دەستەمۆ، ڕام.

**کێکی تەمەن**

کەیکی جەژنی لەدایک بوون. § مامۆستا کە دەڵێ «... لەسەر کێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر» ئیشارە بۆ ئەم ڕەسمە فەرەنگی‌یە دەکا کە تەمەنی ئەوکەوسەی جەژنیان بۆ گرتووە بە ژمارەی ئەو شەمانە دیاری دەکرێ کەوا لەسەر کەیکەکە چەقێنراون.

## گ

**گاڵەدراو**

(بۆ دەرگا) داخراو، قەپاتکراو، بەسیاگ.

**گاور**

١. مەسیحی، عیسایی، فەلە.
٢. زەردوشتی، ئاگرپەرست، مەجووس.
٣. کافر، ناموسڵمان. § «گاور» کە بە شکڵی«گەور»یش ئەوترێ، زەمانی زوو تەنیا بە مانای «زەردوشتی» و «ئاگرپەرست» بووە بەڵام دوایی بە «مەسیحی»ش گوتراوە و بەرەبەرە مانای موتڵەقی «کافر»یشی پەیدا

کردووە. ئاشکرایە ئەم وشەیە سەلبی‌یە و بە چاوی سووک تەماشای ناونراوەکە دەکا.

**گراوی**

«دۆست، یار، خۆشەویست» (هێمن). § ئەم ناوە تەنیا بۆ مێیینە دەگوترێ، کەوابوو هەموو دۆست و یار و خۆشەویستێک، «گراوی» نیە.

**گریمانە**

«عوقدە» (هێمن). (هێ شەخسیەتی مرۆڤ) هەست یا مەبەستی سەرکوتکراوی کەسێ کە بۆتە هۆی حاڵەت یا ڕەفتارێکی تایبەتی.

**گڕوو**

گریانی منداڵ بۆ شتێ یا کەسێ، ورک. § لەگەڵ ئەم وشەیە فیعلی «گرتن» دە کار دەکرێ: «گڕوو گرتن»، «گڕوو دەگرێ»، «گڕووی گرت».

**گڕووگڕ**

سفەتە بۆ منداڵێ کە زووزوو گڕوو ئەگرێ. ← گڕوو.

**گورگەمێش**

«سەگێک کە هاوکاریی گورگ بکا» (هێمن). سفەت و ناوە بۆ سەگی شوان کە بەهۆی دۆستایەتی لەگەڵ گورگ، بۆ خواردنی پەز ڕێگەی بدا یا یارمەتی بکا. § مامۆستا ئەم وشەیەی بەو مانایە بە کار هێناوە کە نووسرا، بەڵام کاک سەلاح پایانیانی دەڵێ ئەم مانایە هەڵەیەکی باوە. بە پێی لێکۆڵینەوەی ئەو، گورگەمێش بە سەگێک دەڵێن کە پەز بگرێ و بریندار بکا یا بیخوا. هەروەها دەڵێ زاراوەی «گورگەمێشی کردن» هەیە کە هەم بۆ سەگ دەگوترێ هەم بۆ دزی خۆماڵی یا مردەخۆر (ڕەشەدز)؛ بۆ نموونە دەگوترێ «سەیەکەم گورگەمێشی دەکا» یا «فلانکەس گورگەمێشی دەکا.» دەشکرێ «گورگەمێش» وەک سفەت بدرێتە پاڵ سەگ یا مرۆڤ: «سەیەکەم گورگەمێشە» یا «فلانکەس گورگەمێشە.»

**گوللە پێوە (بە کەسێک یا شتێکەوە) نان**

بە دەمانچە یا تفەنگ تەقە لە کەسێ یا شتێ کردن: «ئەفسەرە بەعسی‌یەکە گوللەیەکی بە مجەسەمەی حاجی قادریی کۆیی‌یەوە نا.» «سێ گوللەی پێوەنا بەڵام نەیەنگاوت.»

**گونداوگوند**

لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی تر، دێ‌بەدێ. ئاوایی‌بەئاوایی.

**گۆپاڵی کەسێ لە خیز دەرهاتن**

کاتێ ئەوترێ «فلانکەس گۆپاڵی لە خیز دەرهاتووە» یانی فلانکەس ئێستا لەباری مەعنەوی یا ماددی‌یەوە گەشەی کردووە، هێزی گرتووە و سەربەخۆ بووە.

**گۆڕخانە**

گۆڕستان، قەبرستان.

**گۆڕەپان**

١. مەیدان. ٢. گۆڕایی سەر ترۆپکی هەندێ کێو.

**گەرمێن**

لە مانای گشتیدا هاوتای «گەرمیان» و «گەرمەسێرە» و سفەتە بۆ هەر مەڵبەندێ کە بە پایز و زستانیش هەوای تا ئەندازەیەک گەرم بێ، بەڵام لە مانای تایبەتیدا و بە زاراوەی خەڵکی موکریان ناوێکی ترە بۆ کوردستانی عێراق. § ئاشکرایە ئەم بەشەی کوردستان، کوێستان و شوێنی ساردیشی هەیە بەڵام بە ئیعتیباری ئەوەی کە بەشی هەرە زۆری دەشتە و بەسەر یەکەوە هەوای لە کوردستانی ئێران گەرمترە، پێی‌دەڵێن گەرمێن یا گەرمەسێر: «ئەو مێگەلە شپرزە و سەرگەردان و بێ‌شوانە [...] شۆڕبۆوە بۆ گەرمەسێری کوردستانی پڕخێر و بەرەکەتی عێراق» (۱۹۷۴: ل ۳۴). لە خودی کوردستانی عێراق «گەرمیان»، بە بەشێکی تەختان و گەرم و وشکی ئەوێ دەگوترێ کە کەرکووک، کەلار، کفری، چەمچەماڵ و خانەقین و چەند شاری تری لێ‌هەڵکەوتووە.

**گەرمەسێر**

← گەرمێن.

**گەند**

۱. گەنیو، فاسید، رزیو. ۲. خراپ، بێ‌کەڵک، بێ‌بایەخ. ۳. خوێڕی، هیچەکە، بێ‌ئەخلاق، بێ‌شەرەف.

**گەندەپیاو**

پیاوی بەدکردار و بێ‌ئەخلاق.

**گەوە**

«پێچی کێو» (هێمن). کلکەی کێو، هەورازی داوێنی چیا (لە ڕوانگەی بینەرێکەوە کە لەلاوە تەماشای دەکا یا بۆی دەچێ).

## ل

**لانواڵە**

هەرکام لە دوو لای نواڵەیەک. § «نواڵە» شیوی لاپاڵی کێوە کە ئەغڵەب گیاوگوڵی لە شوێنەکانی تری کێو زیاترە.

**لوان**

مومکین بوون، ڕەخسان، گونجان، بووز خواردن.

**لەبەر شتێ یا کەسێ ڕەوین**

لەبەر شتێ یا کەسێ ڕاکردن / هەڵاتن، لە شتێ یا کەسێ ڕەوینەوە / پرینگانەوە.

**لە خۆشی شتێ خەنی بوون**

بەبۆنەی شتێکەوە زۆر شاد بوون. § «خەنی» کە دەبێ لە «غەنی»ی عەرەبی کەوتبێتەوە، سفەتە بۆ کەسێ کە لە شتێکی تایبەتی (مەعنەوی یا ماددی) زۆری پێ‌بڕابێ.

**لە خەڵک بەربوون**

بەربوونە گیانی خەڵک، پەلاماری خەڵک دان، دە خەڵک بەربوون. (بە مەجاز) ئەزیەت کردنی خەڵک (بە لێدان، جوێن

پـێـدان، هەڕەشـە لـێکـردن، گـرتن، پشکنین، ڕووت کردن، تاڵان کردن یا کاری تری لەم بابەتە § لەم زاراوەیەدا ئەوکەسـەی خەڵـک ئەزیەت دەکـا، بە جـانەوەرێکی دڕنـدەی وەک سـەگ و گـورگ تەژبـی کـراوە کە هێـرش بـۆ مەردم دەبا و بریندارییان دەکا. هەروەها دەکرێ خاوەنـدەسەلاتێک لەباتی ئەوە کە خودی خۆی بەربێتە گیانی خەڵک، کەسێ یا کەسانێ دە خەڵک بەردا.

## لە خەو ڕابوون

لە خەو هەستان، وەخەبەر هاتن.

## لە دوڕ

«لە نێو» (هێمن).

## لەرز

سـفەتە بـۆ ئەنـدامێکی مـرۆڤ کە بەهـۆی پیـری یـا نەخۆشـی، بـلەرزێ. لەرزۆک. § «لەرز» کە ڕەگـی فـیعلە، بە «مەسـدەری مـورەخەم»یـش حیسـاب دەکرێ و لەم حاڵەتەدا مانای «لەرزین» دەدا: «لەرز و تا»، «لەرز لێهاتن».

## لەسوێی کەسێ سووتان

کاتێ ئەوترێ «یەکێک لەسوێی کەسێک دەسووتێ» یانی ئەو یەکە بەهۆی دوور کەوتنەوە، بەلا بەسـەر هـاتن یا مردنی کەسێکی خۆشەویست، هەست بە خەم و خەفەتێکی زۆر دەکا و باری ئاسایی ژیانی تێکچووە.

## لەسوێی کەسێ یا شتێ

لەتـاوی کەسـێ یـا شـتێ، لە عەزرەت کەسێ یا شتێ.

## لەل گوتن

کەمتـرین ناڕەزامەنـدی دەربـڕین. § ئەم زاراوەیە ئەو وەخـتـە دەگـوترێ کە وێـژەر بـیەوێ زۆرتـرین سـزا یـا مەترسـیی سـزا لەئاسـت دەربـڕینـی کەمتـرین ڕەخـنـە یـا نـاڕەزاییدا، پێشـانبدا: «هەرکەس بڵـێ لەل، کـا دە پێسـتی سـەری داخـنم!» «جـا لەم وەزعەدا کێ دەوێرێ بڵێ لەل؟»

## لە ناخێڕا کردن

(بە مەجـاز) کوشـتن، لەنـاو بـردن [ی مرۆڤ]. بە ناخدا کردن.

## لێمشت

«لافاو، سێڵاو، تۆفان» (هێمن).

## لێوبەبار

(بە مەجـاز) خەمبـار، خەفەتبـار، دەردەدار. § ئەم وشـەیە لە ئەسـڵا سـفەتە بـۆ کەسـێ کە لێـوی بەهـۆی نەخۆشـی یـا پەرێشانی «بار»ی گرتبێ. «بـار» بە تـوێژێکی سـپی ئەوتـرێ کە هەنـدێ جار لەسـەر لێو دەبینرێ. ئەم

توێژە هەمان پێستی تەنکی لێوە کە بەهۆی خۆرەتاو، سەرما، کەمئاوی یا کەمڤیتامینی وشک بووە.

## م

**ماڵی کابە**

(ڕووگەی موسڵمانان) کەعبە، بەیتوڵڵا، ماڵی خودا.

**ماڵی کەسێ بەقوڕ گیران**

بەڵا یا موسیبەتی گەورە بە سەر کەسێ هاتن بەجۆرێ کە ئەندامانی خێزانیشی بگرێتەوە.

**مژۆڵ**

«برژانگ، بژانگ» (هێمن). بژۆڵ.

**ملبەکوێن**

تازیەبار، کزستکەوتوو، ئازیزمردوو. § ئەم سفەتە کە جێی ناویش دەگرێتەوە، تەنیا بۆ جنسی ژن دەگوترێ. ڕیشەی ئەم عیبارەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زەمانەی کە ژنی کەسمردوو بۆ پێشاندانی ئەوپەڕی تازیەباریی خۆی، کوتێ کوێن (پارچەی ڕەشماڵ)ی دەدا بە ملی خۆیا.

**ملهوڕ**

سفەتە بۆ کەسێ کە بە زەبری گەورەیی و بەهێزیی جەستەی خۆی یا لە سایەی دەسەڵاتەوە، زۆر لە مەردم ئەکا و خواستی خۆی دەسەپێنێ. کەڵەگا (بە مانای کەسێ کە کەڵەگایی لە خەڵک ئەکا).

**مڵومۆ**

گەران و بۆن بە وڵاتەوە کردنی جانەوەر بۆ دۆزینەوەی شت یا نێچیر. § ئەم عیبارەتە زۆرتر لەگەڵ فیعلی«کردن» دەگوترێ بەڵام لەگەڵ چەند فیعلی تریش ڕێکدەکەوێ: «تولەی شوێنگیری، بەردانە مڵومۆ»؛ «سەگی پۆلیس دەستی کرد بە مڵومۆ»؛ «ڕێوییەکە مڵومۆی دەکرد»

**موغ**

«پێشەوای دینی زەردەشتی» (هێمن).

**مووخە**

مۆخ، مێشک.

**مووخەی کەسێ چنین**

١. مێشکی کەسێ ئەنجنین، سەری کەسێ پان کردنەوە. ٢. (بە مەجاز) ئازار یا ئاسیبی زۆر بە کەسێ گەیاندن. § هێمن کە دەڵێ «بەکرەشۆفارە ئەوی مووخەی چنیم» یانی «ئەوە بەکرەشۆفار بوو کە ئەم بەڵایەی بە سەر من هێنا»

**مەترسی**

نیگەرانی، ترس. § «مەترسی» زۆرتر بە مانای «خەتەر» و «ترکزە» دەکار دەکرێ بەڵام هێمن کە دەڵێ «بەڵام کەمکەم نەیانمابوو مەترسی» ئەم وشەیەی بە مانای «نیگەرانی» و «ترس» بەکار هێناوە. بەکار هێنانی ئەم وشەیە بۆ ئەم مانایە لە نووسینی نووسەرانی تریشا نموونەی هەیە: «ئەگەر لەبیرتان مابێ لە چەند شوێنی سەرەتاکەی بەرگی

یەکەمی ئەم قامووسەدا مەترسیی خۆم دەربڕیوە کە ڕەنگە قامووس شتێکی بۆ ڕێکبکەوێ و تەواوبوون بەخۆیەوە نەبینێ» (زەبیحی ١٩٧٩: لاپەڕەی بێژمارەی ئاخر).

**مەکۆ**

شوێنێ کە کاسانێکی هاومەبەست ناوبەناو لەوێ کۆ دەبنەوە. پاتۆق.

**مەودای کەسێ دان**

(بۆ کردنی کارێ) ڕێگەی کەسێ دان، بواری کەسێ دان، دەرفەتی کەسێ دان.

**مەیخانێ**

مەیخانە، شەرابخانە، مەیکەدە. § لە بەیتەکانی موکریانا جاری وایە وشەیەکی کە بە / ە / کۆتایی هاتووە، بۆ قافیە یا بۆ مۆسیقای شیعر، / ە / یەکەی دەکرێ بە / ێ /، بۆ نموونە «مەیخانە» دەبێ بە «مەیخانێ»، «کارخانە» دەبێ بە «کارخانێ» و «شووشە» دەبێ بە «شووشێ».

**مەیزەدە**

مەست.

**مێری**

(بۆ توانستی جینسی) پیاوەتی، نێرینەیی.

**مێشکی گوێدرێژ / کەر خواردن**

کاتێ لە باسی کار، بڕیار یا قسەی کەسێدا ئەوترێ «دەڵێی ئەوکەسە مێشکی کەری خواردووە» مەبەست ئەوەیە کە ئەو کار، بڕیار یا قسەیە ئەوەندە ناعاقڵانەیە کە تەنیا لە مرۆڤێک دەوەشێتەوە کە عەقڵی شێوابێ. § دیارە دەبێ پێشینان لایان وابووبێ کە خواردنی مێشکی کەر دەبێتە هۆی شێت بوون یا شێوانی عەقڵی مرۆڤ.

**مینیژۆپ**

بە گوێرەی «فرهنگ فارسی معین»، کراس یا دامێنی ژنانەی کورت کە چەند سانتیمیتری دەمێنێ بگاتە ئەژنۆ. § «مینیژووپ» (Minijupe) وشەیەکی فەرەنسییە کە لە ڕێگەی زمانی فارسییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردیی ئێران و بووە «مینیژۆپ».

## ن

**نابەکار**

بەدکردار، بەدفەڕ، بەدکار.

**ناسۆر هێنانی دەروونی کەسێ**

١. برینداربوونی دەروونی کەسێ بەجۆری کە چاک نەبێتەوە. ٢. (بە مەجاز) تووشی خەم و خەفەتی درێژخایەن بوونی کەسێ بەهۆی مەینەت یا ناکامییەک.

**نانینانی**

سفەتە بۆ کەسێ کە بە ئەنگیزەی مفتەخۆری (نانی مفتە خواردن) لەگەڵ خەڵک دۆستایەتی دەکا. § هێمن کە دەڵێ «غولام و نۆکەری بوون نانینانی» مەبەستی ئەوەیە کە مرۆڤی نانینانی و مفتەخۆر بووبوون بە غولام و نۆکەری ئەو (میر).

## نزووله

تووک و دوعای مرۆڤی داماو (بەتایبەتی ژن) کە بە دەم ئاھ و ناڵەوە لە کەسێکی دەکا کە زوڵمی لێکردووە.

## نشیو

١. سفەت و ناوە بۆ جێگەی سەربەرەوژێر. شوێنی لێژ، لێژایی، نشێو. ٢. نزمایی (دژی ھەوراز و بەرزایی). § لە ئەدەبی کوردیدا «نشێو» لە «نشیو» برەوی پترە بەڵام ھێمن، زیاتر «نشیو» بەکار دەھێنێ: «ئەو ترۆپک و نشیوە || ئەو یاڵ و خڕ و شیوە || لەگوێن بەھەشت خەملیوە || کێ مەڵبەندی وای دیوە؟» «دێم بەرەو پاناوک و ھەوراز و نشیو || دێم بەرەو ئەشکەوت و زەندۆڵ و پەسیو.»

## نوشتە لە کەسێ کردن

دوعا لە کەسێ کردن بە نوشتە بۆ ئەوەیکە تووشی نامرادی یا بەڵایەکی تایبەتی بێ. § ئەم جۆرە نوشتەیە بۆ ئەوەی کار بکا - بە باوەڕی خاوەنی نوشتەکە - ئەغڵەب بەدزییەوە دەخرێتە نێو ماڵ یا کەلوپەلی ئەو کەسەوە کە نوشتەی لێکراوە.

## نوشتەی بەتاڵ

نوشتەیێ کە ئەو دوعایەی تیا نووسراوە گیرا نابێ. § بەتاڵ بوونی نوشتە، بە گوێرەی باوەڕی عامیانە، لەوانەیە بە ھۆی نائەھل بوونی نوشتەنووسەکە بێ؛ دەشکرێ ئەوکەسەی نوشتەی لێکراوە، نوشتەکەی بردبێتە لای دوعانووسێ تا دوعای لەسەر بخوێنێ و بەتاڵی بکا (باتڵی بکا: تەئسیرەکەی پووچەڵ بکاتەوە).

## نووزە

جۆرە دەنگێکی باریکی نزمە وەک دەنگی نەخۆش لە کاتی لاوازیدا [فەرھەنگی خاڵ].

## نێ

سووکەوەکراوی «نیە».

## نێوبەند

نێوەند، ناوەند، ناوەڕاست.

## نەبان

١. سفەتە بۆ گیانداری گواندار کە نابانێ (بەچکەی خۆی ناناسێتەوە و شیری ناداتێ). ٢. (بە مەجاز) سفەتە بۆ مرۆڤێ کە دۆست، ئاشنا یا کەسی خۆی نادوێنێ یا بە ساردی لەگەڵیان دەجووڵێتەوە. § ئەم وشەیە لە مانای دووھەمدا بە شێوەی «لە کەسێ نەبان بوون» دە کار دەکرێ: «کاکە ئەوە بۆ لێمان نەبانی؟»

## نەشتە

نەچتە، نەچێتە، نەچێ بۆ.

## نەشمیل

سفەتە بۆ کیژ و ژنی بەژنباریک و زەریف و ڕەزاسووک.

## نەی

«لێرەدا مەبەست بلوێر و شمشاڵە» (ھێمن). § «نەی» کە وشەیەکی فارسییە، ئەسڵی خۆی بە «قامیش» یا

«چیتک» دەڵێن، جا چونکە بلوێریان لە نەی دروست کردووە، بەم سازەشیان هەر وتووە نەی.

## و

**وا**

(لە عیبارەتی وەک «وا بادەوە» و «وا وەرگەڕێ» و «وا وەرە»دا) بۆ ئەملایە، بەملایەدا، بەرەو ئێرە.

**واوە**

بۆ ئێرە، بەرەو ئێرە، بۆ ئەملایە. § ئەم قەیدە دەکرێ مانای«بە ئەولایەدا» و «بۆ ئەولایە»ش بدا؛ بەستە بەوەیە کە قسەکەر فیعلی «هاتن» بە کار دێنێ یا فیعلی «چوون» و «ڕۆیشتن»: «واوە مەیە!» یانی «بۆ ئێرە (یا بەم لایەدا) مەیە!» کەچی «واوە مەڕۆ!» یانی «بۆ ئەوێ (یا بەولایەدا) مەڕۆ!»

**ورکەخۆر**

١. بەرماخۆر، پاشماوەخۆر. ٢. (بە مەجاز) نۆکەر، غولام.

**(وەک کرێوە) لە لاقان وەرێنان**

(بە مەجاز) کاتێ ئەوترێ «کەسێ وەک کرێوە لە لاقانی وەرێنا» یا «کەسێ لە لاقانی وەرێنا» یانی ئەوکەسە دەسبەجێ کەوتە ڕێ و بەپرتاو ڕۆیشت. § فیعلی ئەم زاراوەیە «تێوەرێنان / تێوەرهێنان»ە کە وەختێ ناوێک بکەوێتە بەینی دوو پێشگری «تێ» و «وەر»ەکەی، دارشتی فیعلەکە دەبێ بە «دە شتێ وەرێنان / وەرهێنان» یا «لە شتێ وەرێنان / وەرهێنان».

**وەک گورگی نێو مەڕ لە / دە کەسانێ بەربوون**

کاتێ ئەوترێ «کەسێ وەک گورگی نێو مەڕ دە کەسانێ بەربووە» یانی ئەو کەسە بەوپەڕی توندی و بێڕەحمی‌یەوە پەلاماری ئەوکەسانە دەدا و ئازاریان دەدا، زاماریان دەکا یا دەیانکوژێ. § لەم زاراوەیەدا توند و تیژی کردن لەگەڵ کۆمەڵێ مرۆڤ بە ڕەفتاری گورگ شوبهێنراوە کە وەختێ دەکەوێتە ناو ڕانەمەڕ بە گرتنی پەزێک ڕازی نابێ و هەرجارە پڕ دەداتە یەکێ تر و هەتا چەند سەران زامار نەکا و نەکوژێ واز ناهێنێ.

**وەک ورچی بریندار بە خۆدا دان**

کاتێ لە وەسفی تووڕەیی کەسێکا دەگوترێ «وەک ورچی بریندار بە خۆیدا دەدا»، مەبەست ئەوەیە کە ئەوکەسە لەبەر شیددەتی ڕق و تووڕەیی، دەیگوڕاند و خۆی ڕادەوەشاند و تەنانەت بە چەپۆک لە سەر و ڕووی خۆی دەدا. § لەم زاراوەیەدا حاڵەتی مرۆڤی فرە تووڕە، شوبهێنراوە بە حاڵی ورچێکی بریندار کە دەستی بە دوژمنڕا ناگا و لە داخان دەنەڕێنێ و ئەدا بە سەر و چاوی خۆیا.

**وەک یەکانە و بڕەک غەزرین**

زۆر لاساری و کەللەڕەقی کردن، مان گرتن و واز نەهێنان. § باوترین شکڵی

ئەم زاراوەیە «وەک بەراز غەززین»ە، بۆ نموونە دەڵێن «تەماشا، تەماشا دەڵێی بەرازە غەزریوە!» ئەم زاراوەیە لە خوو و خدەی بەراز کەوتۆتەوە کە وەختی شەڕ و ملانە، پێ دەچەقێنێ و شفرە دە هەرد ئەکوتێ و دەنرکێنێ.

**ویڕە**

دەنگی ڕشتە یا لقێکی نیسبەتەن ئەستوور (وەک قەمچی، قزچەقانی یا داردەست) کە بەپرتاو هەوا دەبڕێ. § ئەم وشەیە کە لەگەڵ «ویڕەویڕ» و «ویڕاندن» لە یەک ڕیشەن، بە لانی کەمەوە بۆ دیاری کردنی دوو جۆرە دەنگی تریش بە کار دێ: دەنگی گریانی منداڵ کە بەشی زۆری لە کونەلووتییەوە دەردەخا و گریانەکە فرمێسک و هەنسکی لەگەڵ نیە؛ ئو دەنگی گڕی هەندێ «سازی با»ی وەک کەڵەشاخ و شەیپوور. هێمن لە تەرجەمەی *شازادە و گەدای* مارک تواین‌دا بۆ پێشان‌دانی دەنگی شەیپوور، زوربەی جاران «ویڕە»ی بە کار هێناوە.

**ویڕەویڕ**

دەنگی ویڕەی پەیتاپەیتا. ← ویڕە.

**هـ**

**هاتنە سەر بێر**

ڕیز بوون یا بە وتەی دەقیق‌تر ڕیز کرانی مەڕ و بزنی دۆشەنی بۆ ئەوەی بەرودوا بێنە بەردەستی «بێری» تا بیاندۆشێ.

**هاڕین**

١. ورد کردن یا کردنە ئاردی شتێ لە بەینی دوو سەتحی زبر و ڕەق‌دا بەهۆی سووڕاندن یا بزاوتنی سەتحی سەرەوە. ٢. (بە مەجاز) بەتوندی سزا دان، زۆر سەخت جزیا دان. § «دەتانهاڕم بە سەریانا نەبن زاڵ» یانی ئەگەر ئێوە بەسەر ئەوان‌دا زاڵ نەبن، من بەتوندی سزاتان دەدەم یا تەنانەت دەتانکوژم.

**هاڵاو**

شەپۆلی هەڵم و گەرمای تێکەڵاو. § وەختێ کەسێ لە «هاڵاو»ی شتێ یا شوێنێ ئەدوێ دیارە بە پێست وهەناسەی خۆی هەستی بە «بوغ و گەرما»کەی کردووە چونکە ئەوەی لە دوورەوە بە چاو دەبینرێ «هەڵم»ە نەک «هاڵاو». وشەیەک یا دروست‌تر ئەوەیە بێژین چەند وشەی «هاڵاو» لە لەهجەکانی خوارووی مەڵبەندی زمانی کوردیش‌دا هەن بە ماناگەلی «لافاو» و «ڕشانەوە» و «بەرکوڵ» کە وێدەچێ پەیوەندیان لەگەڵ ئەم «هاڵاو»ە نەبێ (جەلیلیان؟: ٧٩٨). هەروەها لە «سنەیی»ش‌دا «هاڵاو»ێک هەیە کە ناوی شۆربایەکی تایبەتییە و یەکێ لە کەرستە گرنگەکانی ئەم چێشتە هاڵە(بەرسیلە، قۆرە)یە. ئاشکرایە ئەم

«هالاو»ش كاری بەسەر «هالاو»ی بەرباسی ئێمەوە نیە.

**هانەهان**

هانكەهانك. دەنگی هەناسەی مرۆڤی شەكەت و پشووسوار.

**هاوار كردنە كەسێ**

هاواری كەسێ كردن، لە حالی ترس و داماوی و لێقەوماندا بە دەنگی بەرز داوای یارمەتی لە كەسێ كردن. § «هاواری كەمێ» یانی هەرای لێبكەم و یارمەتی لێبخوازم؛ «هاواری كردێ» یانی هەرای لێكرد و یارمەتی لێخواست.

**هورە**

«تەمێكە چ لە گەرما و چ لە سەرمادا بە سەر لووتكەی كێوانەوە پەیدا دەبێ» (محەمەدی مەلاكەریم). § فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە چەند مانای بۆ ئەم وشەیە نووسیوە كە دووانی بۆ ئێرە دەست دەدا: یەكەم «مێشوولەی تا و لەرز» كە مەبەست پێشكەی مالاریا (anopheles)ە و دووهەم «تەم و سەرمای ناوەخت» كە رەنگە هەمان «شەختە» بێ. لە فەرهەنگەكانی ترا ئەم وشەیە بە «رەشەبا» و «جۆرە گیایەكی زۆر تاڵ» و «پەخشەكوورە»ش مانا لێدراوەتەوە. لەتەك شیعری هێمندا كە دەڵێ «پێدەكەنن[...] بە تەم، بە مژ، بە هورە، بەدۆك» دوو ماناكەی *هەنبانەبۆرینە* باشتر ئەگونجێ.

**هوما**

← پیرۆزە.

**هۆڵ**

«ئاغەڵ، ئەو خانووەی مەڕی تێدەكەن» (هێمن).

**هەتیوبار**

سفەتە بۆ ژنێ كە شووی نەماوە و ئەركی بەخێو كردنی منال یا منالەكانی بەتەنیایی لەسەر شانە.

**هەتیوچە**

سفەت یا ناوە بۆ لاوی خوێڕی و بێئەخلاق. ناكەسبەچە.

**هەدا دان**

«ئۆقرە گرتن» (هێمن).

**هەراسان بوون**

(بەهۆی حاڵ یا وەزعێكی نالەباری درێژخایەن) بێزار بوون، یاس بوون. § «هەراسان بوون» و هەروەها «هەراسان كردن» زۆرتر كاتێ ئەوترێ كە لەپەستا داوای كارێ یا شتێ لە كەسێ بكرێ و ئەو كەسە لەم وەزعە ماندوو بووبێ: «هەراسان بووم هێندەی كەوشی قوڕاوی تۆ خاوێن بكەمەوە!» «ئەم جیرانەمان رۆژ نیە داوای شتێك نەكا؛ هەراسانی كردووین!»

**هەزار شتێ بە پووڵێ**

كاتێ لە باسی هەلومەرجێكی تایبەتیدا ئەوترێ «هەزار شتێ بە پووڵێ» یانی ئەو شتە لەو هەلومەرجەدا بە هیچ كلۆجێ چارەساز نیە و بە كار نایە. سەد شتێ بە پووڵێ § وشەی «شت»

لێرەدا تەنیا بۆ پیشاندانی شکڵی گشتیی زاراوەکە نووسراوە و لە بە کار هێناندا جێگەی بە ناوێک (بەتایبەتی بە ناوی وەک «هاوار»، «گریان»، «پاڕانەوە» و «شکایەت») پڕ دەکرێتەوە: «هەزار پاڕانەوە بە پووڵێ!»

**هەشە**

هەیشە، وجوودیشی هەیە، هەسیش، هەیە ژی.

**هەڵبژاردە**

سفەتە بۆ هەرشتێ یا هەرکەسێ کە بەهۆی باشتر بوونی، لە هاوچەشنەکانی خۆی جیا کرابێتەوە و بایەخێکی زۆرتری بۆ دانرێ.

**هەڵبواردن**

(لە شوێنێ) تێپەڕین، (بە شوێنێدا) ڕۆیشتن و جێهێشتنی. § «هەڵبواردن» هەمیشە لەگەڵ مەفعوولەکەی دەگوترێ: «سنووریان هەڵبوارد»؛ «چەند گردمان هەڵبوارد جا گەیشتینە دێیەکە.»

**هەڵپەسێراو**

١. سفەتە بۆ جیسمێ کە سەری بە سەتحێکی ئەستوونییەوە نرابێ و بنی لەسەر سەتحێکی ئاسۆیی دانرابێ، بە چەشنێ کە جیسمەکە زاویەی لەگەڵ سەتحە ئەستوونییەکە هەبێ. هەڵپەسارده. ٢. (بە مەجاز) سفەتە بۆ کەسێ یا شتێ کە دوای ماوەیەک کار پێکران یا کەڵک لێوەرگیران، وازی لێهێنرابێ و خرابێتە لاوە. کارپێنەماوی بەلاوەنراو. § مەسدەری ئەم سفەتی مەفعووله «هەڵپەسێران»ە نەک «هەڵپەسێرران» یا «هەڵپەسێردران».

**هەڵنانی شوێنێ یا کەسێ**

بەدی کردن و بە یاد سپاردنی شوێنێ یا کەسێ بۆ مەبەستێکی تایبەتی؛ نیشانە کردنی شوێنێ یا کەسێ بە زەین.

**هەنوون**

چەور کردن و داماڵینی ئەندام یا جێگەیەکی لەش. § «کرێکارێ کە یار پشتی بهەنوێ» یانی کرێکارێ کە یار پشتی بە ڕۆن چەور بکا و دایماڵێ. ئەم وشەیە لەگەڵ «اندودن» فارسی هاوڕیشەیە بەڵام هەرێمی ماناکەی تەسک بۆتەوە.

**هەنی**

«تەختی نێوچاوان» (هێمن). ناوچاوان، توێڵ، جەمین.

**هەنیسک**

هەنسک، ئانیسک، دیاردەیەکی وەک «نزگەرە»یە کە بەهۆی زۆر گریان ڕوو دەدا.

**هەیدێ**

وشەیەکە هەندێ جار بۆ دەنگ دان یا دەرکردنی مرۆڤ دەگوترێ بە مانای «لێرە بڕۆ!» یا «مەیە بۆ ئێرە!» § ئەم وشەیە ئەسڵی خۆی بۆ هاندان یا

گێـڕانەوەی ولاغ (بە تـایبەتی ولاغـی بەرزە و کەڵ و گـامێش) بە کـار دێ و ئاشـکرایە کـاتێ بە مرۆڤـێ بـوترێ «هەیـدێ!» سـووکایەتی پـێدەکـرێ. هەنبابەبۆرینە «هەیدێ»ی بە «برۆ لاچۆ» مانـا کـردۆتەوە و جـگە لەم وشـەیە، «هایدێ» و «هایدی»شی گرتووە کە دەڵێ «بۆ دنەدان لە کار» دەگوترێن و لەگەڵ «ئـادەی» هاومانـان. وا دیـارە بە ڕای مامۆسـتا هەژار، «هەیـدێ» پەیوەنـدی بە «هایـدێ» و «هایـدی»یەوە نـیە. جێـی سـەرنجە کە لە زمـانی تورکیدا وشـەی «هایدێ / هایدی» هەیە کە بۆ هـانـدانی موخـاتەب بـۆ کردنـی کـارێ کەڵکـی لێوەردەگیـرێ: «هایـدێ / هایـدی گیدەلیم!» («با برۆین!»)

**هەیدێ کردنە کەسێ**

هەیدێ لە کەسـێ کـردن، ڕەوانـدنەوەی کەسـێ بە گـوتنی وشـەی «هەیـدێ»، دەرکردنـی کەسـێ، دەنـگ دانـی کەسـێ.

← هەیدێ.

## یـ

**یەساوڵ**

یاساوڵ، ئێشکچی، پاسەوان، قەرەوڵ.

**یەسکسووک**

ئێسـکسـووک، ڕەزاسـووک، خـوێن-شیرین، لەبەردڵان.

**یەکانە**

«بەرازی نێری یاخی» (هێمن).

**یەلدا**

«درێژتـرین شـەوی سـاڵ» (هـێمن). «فرهنگ فارسـی معـین» لە ژێـر مـاکی «یلـدا»دا دەنووسـێ: «ئەم وشـەیە سـوریانی‌یە و مانـای بە وەڵەد بـوون و "زایش" دەدا. یانی لە دایک بوونی میهر (میـترا) بە شـەوی هەوەڵـی زسـتان کە درێژترین شـەوی ساڵە و ئێرانی‌یەکان ئەم ڕووداوە بە پیـرۆز دەزانـن و لەم شەودا دەیکەن بە جەژن.»

**هێمن** (١٣٠٠-١٣٦٥ هەتاوی) یەکێ لە ناسراوترین و خۆشەویستترین شاعیرانی کوردی سەردەمی نوێیە کە نیزیکەی نیوسەدە لە تەمەنی ٦٥ساڵەی خۆی بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردەواری تەرخان کرد و لەم ڕێبازەدا تووشی گەلێ چەرمەسەری و کوێرەوەری و دەربەدەری هات. هێمن جگە لە شیعر، لە زەمینەکانی ڕەخنەی ئەدەب، بووژاندنەوەی فۆلکلۆر، لێکۆڵینەوەی مێژوو، وەرگێڕان، نووسینی چیرۆک و بڵاوکردنەوەی گۆڤاریشدا کاری بەنرخی کردوون، بەڵام ناوبانگی شاعیری یەکەی بەرچاوترە.

کۆمەڵە شیعری ناڵەی جودایی کە هەوەڵجار ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە بەغدا چاپ کراوە، ترۆپکی دەسکەوتی شاعیرانەی هێمن و یەکێ لە ڕووداوە گرینگەکانی مێژووی ئەدەبی کوردییە لە سەدەی بیستەمدا. چاپی تازەی ئەم کۆمەڵەشیعرە کە لە ڕووی دەستنووس و دەنگی تۆمارکراوی شاعیر پێکهاتووە، تایبەتییەکانی ئەمانەن: هەڵەی چاپەکانی پێشوو ڕاست کراونەتەوە، بەیتە دەرهاوێژراوەکان خراونەتەوە سەرشیعرەکان، جیاوازیی نوسخەکان لە پەراوێزدا دیاری کراون، وشەنامە و ناونامەی بۆ کراوە، هەندێ لە شیعرەکان شرۆڤە و ڕوونکردنەوەیان بۆ نووسراوە و دوو نوسخەی دەنگ و دەستنووسی شیعرەکانیش لە دیڤیدییەکدا ڕەگەڵ کتێبەکە خراون.

بڵاوکەرەوەی هێمن، شانازی بەوە دەکا کە کاری خۆی بە بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە هێژایەی مامۆستا هێمن دەست پێکردووە و هیوادارە لە درێژەی خزمەتی فەرهەنگی و ئەدەبی خۆیدا بتوانێ هەنگاوی گەورەتر باوێژێ.

# Laments of Separation

## Poems by Hemin Mukriyani

Based on the Poet's Manuscript and Recorded Voice

Edited and annotated by Aziz Aali

2018

Hemin publishing House
Iran, Mahabad